# گرشەی کوردستان

نرخی ۱۰ تمەنە

رەشەمەی ۱۳۵۹ هەتاوی ومارس ۱۹۸۱و ۲۵۹۲کوردی ـ ژمارە ۱ سالی یەکەم

دەقی پەیامی
**ئیمام خومەینی**

**ریبازی: گوڤاری گرشەی کوردستان**

**نەورۆز**

**کاروکردەو...**

**ژیانی کچ**

**دوانزە مانگە**
بەزمانی کوردی

ئەم کیژۆلە جوانە ناوی ڕونا کە، وا بە بە رگی کوردی یەوە ڕاوەستاوەو، چاوە نوارە، کەڕوەناکی و، ئاشتی بکەوێتە ناوکوردستان و، ئیتر برا بە دەسی برا نەکوژرێ.



# گۆڤاری گڕشەی کوردستان

گۆڤارێکی حەوتانەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، عیلمی، ئەدەبیو هونەرییە،و بە زمانـــی شیرینـــی کـــوردی بڵاو ئەبێتەوە وەپێوەندی بە هیچ حیزب و کۆڕو تاقمێکەوە نییە.

سەر بەخۆیە ولەژێر چاوە دێری کۆڕی نوسەرانی تایبەتی دەمو دەسگای گۆڤارەکە، لەتاران دەرئەچێ، ڕەژیمی چەپەڵو گۆی لەقی پەهلەوی، نوکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکای خوێنمـــژ نەی دەهێشت، کەس لەـ ئێرانا، بە زمانی کوردی و زمانی زکماکی خۆیی، بخوێنێو بنوسێ. بەڵام بە بەرکەتی شورشی گەلانی ئێران وڕژانی خوێنی ئاڵو گەشو پاکی شەهیدانی ئێران، بە تایبەت شەهیدانی نیشتمانەکەمان کوردستان، وە بە بەرەکەتی پیرۆز بونی شوڕشی ئێران بەرا ـ بەرایەتی امام خمینی وائێمە توانیومانە بە زمانی شیرینی کوردی گۆڤارێک بەم شێوەو بەم چەشنە کەئەیبینـــن بنوسین ولەچاپی بدەینو بە هاونیشتمانە کانمانی پێشکـــەش بکەین، لەقانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامـــی ئێرانا فەسلـــی دووەم ئازادی ئەرهەنگی وچاپەمەنی وخوێندنو نوسین بەکــــ[illegible] ... کە بە کێک لە وان زمانی کوردی بە لە بەرچاو گیراوە، بە تایبەت کاتێ خوێنەوەزارەتی ئیرشادی میللی زۆر بەڕو خۆشی یەوە ئیجازەی دا کە ئەم گۆڤارە چاپ کەین و بیخەینە بەر دەستی خوێنەرانی خۆشەویستمانەوە بۆ ئەوە ئەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەمان پێ بگەیەنین. بەهۆی ئەوە ...

[left column]

را پەڕینی گەلانی ئێران بە کورد و تورک و فارس و بلوچ و ئەوانی ترەوە بەدژی ئیمپریالیزمو ڕەژیمە دەس نیشانکراوەکەی بە هێزی گەل، سەرکەوت و پیرۆز بوو و ڕەژیمی ئیستبداد و، زۆروزۆری و، ملهوڕی پەهلەوی کە بەراستی یەکێک لەناڵە بارترین دوژمنانی پێی گەیشتبو. بەرەسەنـــدنو گەشەپێدانی بیرو باوەڕی گەل ، بـــۆ هەمیشە تێک ئەدبی و، ڕوخاوەدما. حەمەرەزایی، دەرکراو، تۆتەوە هاسان بیوانی ماڵ و سامانی گەلانی ئێران تاڵان بکاتو، بە داروبەردیدا بداتەوە بۆئەوەیی، دەستی ڕەسی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە کار و بار و دەس تێوەردان، تا دیار بێت، سەری ماسەری زیانی لەگەلانی ئێران بزر کرد بوو، و کولولەی بزوتنەوەو ئازادی خوازی خەڵکی خستبووە لێژی وئەی دەهێشت گەلەکانـــی نیشتمانەکەمان لەبانو بەرنامەی بەدوایەی ونیشتمان وستیو ڕاستیو ئاگاداریدا، ڕابوەستی و لەسەری هەڵێوە خەباتو بەر بەرەکانێ بکات و لەدەری ئەوهەمـــو زوڵمو زۆرداریو خوەفکردنە دەنگی دەر بڕێت. وەهەر لەوڕێگا بەوە ویەو خورد، فەرهەنگی بوخەڵی ڕۆژئاوایی دەرترد بسبەدا حەمەرەزا فەرهەنگێکی دور لەسەرەو هەستی ئینسانی بوتەسلیم بوون. بێک هێنابـــوو، وە بـــە فونداخە تفەنگ هەر بزوسە وەیەکی ئازادی خوازی داتە مرکاندو. ڕێی نەئەدا خەڵک ماڤە ،ڕەواکانی خۆیی بخوازێ. خـــەڵکـــی چاوبرسین، کردبوو و، هەر حەیاتو، کردە

وەییکی بە جیاوازی خوازی، ئەدایە قەڵەم‌و بە گشت هێزو، تەقەلاییکەوە، لەگە شەو پەرەساندنی ئازادی‌و، بلاو، کردنەوە ی، فەرهەنگی نەتەوایەتی، گەلانی ژێرچە پۆپکە، بەرگری‌و پێش‌گیری‌ئەکردو، ئەویست کزی‌کات‌و لەناوی ببات ولەناو، فەرهەنگی ئیستیعماری‌و پاشکەوتی خۆیدا بیتاوی نێتەوە. بەخەیاڵی خۆیی ولاتەکەمان والێ‌بکات کە زۆرتر تەسلیم بێت، تا خۆیی‌و، ئەربابەکانی ئاسانتر بە ئامانجی گلاوی خۆیان بگەن، دیارە، ئەبێ یەکێک لەئامانجەکانی ئەم شورەشەد وای‌ئەوەی پیرۆز بووە وَیەک ساڵ وَ چەندێ لە تەمەنی‌تێ‌ئەپەرێ ئەبێ‌بۆلە ناوبردنی گشت شوێنەوارەکانی شومی حەمەرەزای دەر کراو، وئەربابەکانی بێت، وەهەرچە شنە زلم وَ زۆر وخۆقەف کردن و، لا بردنی هەرجۆرەستەمی نەتەوایەتی‌و، فەرهەنگی وَ ئابوری وَ رامیاری‌و کۆمەلایەتی‌و تەکی بێت، پێویستی ئەم ئپشەناسینی مافەرەواکانی گەلی کوردو، هەموگەلەکانی نیشتمانە کەمان، ئێرانە، وەپێک هێنانی‌هێزێکی کار وَ باری ئەوتۆ، کەبتوانێ بیرو باوەری رو ناک بیرانە، بە دەس بهێنێت تا باش بتوانێ ئێرانێکی‌نوێ‌و سەربەخۆبهێنێتەدی‌شورشی مەزنی ئیسلامی‌ئێران بوو بەم هۆیە کە کومەلێ گەل بە بێ‌جیای،

بێتە دەروَ بچێتە سەر خەباتی، کۆمەلایەتی. ئێستا زۆربەی هێزەکانی گەل، هەستی خۆیی، بە روداوەکانی، دەورو بەری نیشان ئەدا وئەیەوێ بزانێ ئەم روداوانە چین و بیان ناسێ، وئەم گەلە، ماف خوراوانە ئاگادار بوون‌و، زۆر تونی ئەوەن کە راستی هەموشتێک‌بزانن، جالەبەر ئەوە بوو، کە بلاوکردنەوەی نوسراوەو کتێب زور بەلەز بەرەو پێشن ڕۆیشتن بە جورێک:

کە لە مێژوی نیشتمانە کە ماناوێنەی نەبووە.

لێرەدا، لە بەرزلم وزۆری فەرهەنگی‌و ستەمی نەتەوایەتی، ڕەژێمی دیوو در نجی ستە مکاری پێشو، جێگای بلاوکردنەوەی کتێب و نوسراوەی زگماکی ئاش بە تاڵی بۆ وَترابوو، وەئێستا هەست ئەکەێن‌و ئەبینین‌و ئەزانین کە بۆ پرکردنەوەی کەل‌و، قوژبنی فەرهەنگی کوردی بزوتنەوەو خەباتێکی بێ وَچان‌و بۆ گەشە پێی‌دان‌و پەرەگرتن‌و بلا و کردنەوەی ئەم فەرهەنگە جسن‌و، رەسەنە، نوسین‌و لەچاپ‌دانی کتێب و روژنامەوگوفار بەم زمانە شیرینە کوردی‌یە، زۆر پێویستە، ئەم گۆفاری گرشەی کوردستانە خۆیی یەکێکە، لەو پێویستانە، پێویست بۆ بلاوکردنەوەی بیرو باوەری نەتەوەی کورد، باوەری پێویت و ئازایانەو پرپیت و بەرە کەت، بۆ بوژانەوە وگەشە پێ‌دان و پەرە پێ‌دان بە فەرهەنگی نەتەوایەتی، پێویست‌بۆنیشان‌دانی خەبات‌وراماڵین وراو نانی رەخنە کردنی ئیمپریالیزم، بەتایبەت ئیمپریالزمی ئەمریکا و پاشماوەی ڕەژیـــــــــــــــمی سەر بە ئیمپریالزم. ئێمە ئەم گۆڤارە بەم هیوا و ئاواتەوە بلاو ئەکەینەوە کەلەگەڵ خەباتی گەلەکەمان لە دژی ئیستیبدادوزلم وستەمکاری‌و، بەرەو خەباتی گەلەکانی ماف‌خوراو، بەتایبەت گەلی‌کوردی بەشەرف‌وئازا، بۆبەدەس‌هینانی‌مافی نەتەوایەتی، وە بۆپێک هێنانی سەربەخۆیی ناوخویی لە چوار چیوەی ئێرانێکی سەر بەخوو ئازادا بەشدار بین.

ئێمە تێ ئەکۆشین بەلام بێ پیوەندی بە هەر رێکخراو وحیزب

لاپەرەی ١٣

# ئەلف و بێ بژارکراوی کوردی

ئـ ا ـ ب ـ پ ـ ت ـ ج ـ چ ـ ح ـ خ ـ د ـ ر ـ ڕ ـ ز ـ ژ ـ س ـ ش ـ ع ـ غ ـ ف ـ ڤ ـ ق ـ ک ـ گ ـ ل ـ ڵ ـ م ـ ن ـ و ـ وو ـ ۆ ـ ە ـ ی ـ ێ ـ هـ.

در میان حروف فوق ا ـ وو ـ ۆ ـ ی ـ ێ، همیشه صدادار و حروف ئـ ب ـ پ ـ ت ـ ج ـ چ ـ ح ـ خ ـ د ـ ر ـ ڕ ـ ز ـ ژ ـ س ـ ش ـ ع ـ غ ـ ف ـ ڤ ـ ق ـ ک ـ گ ـ ل ـ ڵ ـ م ـ ن همیشه بی صدا و سه حرف ـ و ـ ی ـ ە، گاهی بصورت صدادار و گاهی بصورت بی صدا بکار برده میشوند.

پیش از هر چیز باید دانست که الفبای کردی از لحاظ نشان دادن صداها و، درست تلفظ کردن کلمات بمراتب از الفبای فارسی دقیق‌تر و کامل‌تر است و کلمات کردی همانطور که نوشته میشوند تلفظ هم میشوند و نمی‌توان یک کلمه را به چند صورت خواند زیرا حرکات زیر ( ِ ) و زبر ( َ ) و پیش ( ُ ) به ترتیب به صورت حروف صدادار ی ـ ە ـ و در متن الفبا و خط وجود دارند و به دنبال حرف دارای حرکت نوشته میشوند.

برای نمونه: کند ـ کشت ـ کرد ـ بصورت: که نەکەند ـ کونەد ـ کورد ـ کوشت ـ کیشت ـ در رسم الخط کردی نوشته میشوند.

درمورد حروف الفبای کردی و صدا و تلفظ آنها باید به تذکرات زیر به دقت توجه کرد و آنها را در حین تلفظ متن باید رعایت کرد:

## حرف ئـ

۱ ـ حرف (ئـ) ـ همان همزهٔ فارسی است که یک حرف بی صدا می‌باشد و همواره بدنبال و یا قبل از آن یک حرف صدادار میآید.

مثلاً کلمات: امر، آرد، انسان، امید و مامور به رسم الخط کردی بصورت ئەمر، ئارد، ئینسان ئومید و، مەئمور، نوشته میشوند.

## حرف الف ا

۲ ـ حرف الف ( ا )، یک حرف بیصدا است و همواره در وسط یا آخر کلمه قرار می‌گیرد مانند: بار و دارا.

## حروف ث، ص، ط، ذ، ض، ظ

۳ ـ حروف ث ـ ص ـ ط ـ ذ ـ ض ـ ظ در کردی بکار برده نمی‌شوند زیرا صدای مخصوص آنها در کردی وجود ندارد.

در کردی بجای " ث " و " ص " حرف " س " و بجای " ط " حرف " ت " و بجای " ذ " و " ظ " و " ض " حرف " ز " بکاربرده مشوند، گاهی این حروف در اسامی اشخاصی بکار برده میشوند که جنبهٔ استثناء دارد و بهتر است اصلاً بکار برده نشود.

## حرف ڕ

۴ ـ حرف (ڕ) ـ همان حرف "ر" در فارسی میباشد ولی غلیظ‌تر از حد معمول و بهمان صورت که برخی از سخنرانان ادا می‌نمایند تلفظ میشود مانند: "شەڕ". [illegible]، گەڕە، بڕە بڕ.

## حرف ڤ

۵ ـ حرف "ڤ" ـ صدای واو فارسی و یا انگلیسی را دارد مانند "گڤ" به معنی صدای بال بهنگام پرواز و یا گلوله: بهنگام طی مسافت.

## حرف ڵ

۶ ـ حرف (ڵ) همان حرف (ل) میباشد که غلیظ و شبیه به (ڵ) الله در عربی و اڵ در آخر کلمات انگلیسی تلفظ میشود مانند ساڵ و کاڵ.

حـــرف و

۷ ــ حرف (و) بدو صورت تلفظ میشود .

الف ــ و ــ صدادار که صدای ضمه عربی و پیش فارسی ( ـُـ )را میدهد و معمولا "در بین دو حرف بی صدا قرار می‌گیرد مانند "گورگ" .

ب ــ بی صدا که مانند واو عربی تلفظ میشود و معمولا "پیش یا پس از آن یک حرف صدادار قرار میگیرد مانند : "جەور" و "وام "که در مثال اول پس از حـرف صدادار "ە" و در مثال دوم پیش از حرف صدادار الف قرار گرفته است .

۸ ــ اگر حرف صدادار (و) کشیده تلفظ شود به صورت دو واو نوشته میشود یا وَ

حـــرف ۆ

۹ ــ حرف (و)همان واو مجهول فارسی است که در کلمات "خۆر" و "خۆش" فارسی وجود دارد .

حـــرف ی

۱۰ ــ حرف (ی)هم مانند (و) گاهی بەصورت حرف صدادار است چنانکه در کلمه ( پیر) است و گاهی نقش حرف بی صدا را دارد چنانکه در کلمهٔ سەیل ( سیل ) دیده میشود .

حـــرف ێ

۱۱ ــ حرف (ێ)که درفارسی یاء مجهول گفته میشود ،مخصوص کردی است واکنون در فارسی وجود دارد مانند ژێر ( زیر ) .

۱۲ ــ اگر حرف صدادار (ێ) در آخر کلمه با تکیه خوانده شود ونقطه زیر آن می‌گذارند تا با(ی) صدادار معمولی اشتباه نشود مانند ئیرانی (ایرانی) .

حـــرف ە

۱۳ ــ حرف "ە" اگر بصـــورت "ئە" یا "ە" پس ازحرف دیگری بیاید صدادار است و صدای زبر ( ـَـ ) فارسی را میدهد مثلا" "بر" و "در" فارسی که درکردی بصورت "بەر" و "دەر" نوشته‌میشوند .

این حرف در غیر صورت فوق بی‌صدا است و مانند "ه" در فارسی تلفظ میشود مثل: "هاوار" و "هەور" .

۱۴ ــ یکنوع حرف درکردی کرماشان و کلیایی وایلام داریم که ترکیبی از "و" و "ی" است و صدای " " فـرانسه را میدهد که حرف "ۊ" را برای آن انتخاب کردیم : "ۊ" ...




ئـــە وە ئـــە سپـــە




ئالا، ئەوە ئالای
کۆماری کوردستانە
ئالا ، ئازادی
ئەوە ئالای گەلی کوردە



ئـــاو ـ ئێرى ئـاو




بــەردە ئــەوانەبــەردن




پەپولە ،
پەپولە نیشانەی ـ بەهارە، بەهاری
ئازادی وە بێئازاری یــە.



پێی ـ ئەوەپێی یە
پێخواس ، پێی پەتی



جوچك ، جوجەلە
هەڵەج ، ناوی گوندێکە




جووجەکان جوجەڵە

# ت ت



تەورداس

# چ چ

چنگ ـ دەسی چرچ



ترێی



# ح ح



حەو جۆش

# ج ج



جوت وە گا

ئەومروڤە جوت دەکات

# خ خ



خوشك و برا گەلانی ئێران
دەبێ هەمویێکەوە خوشك و
بران بن.

## د



دا رە ئەمەدا رە

## ڕ

ڕیوی

ئەمەڕیوی یە



## ز



زریزە ، زنجیر

## ژ

ژن



ئەمەژنە

## س س

سەرما



سەرما ، ئەم ژنە سەرما یەتی

چونکا بێتا ورو ، دووە ، بێ سوتە

مەنی یە

## ش ش



شەهید

ئەم پیاوە

شەهیدە

# غ غ



غەم، ئەژنە
غەمیەتی و،
خەفەت دای گرتووە



# ع

عەڕابە، ئەوەکەڵ وعەڕابەیە
ئەۆمروڤە بەکەڵ وە عەڕابە
کارئەکات . دارە دەکێشێ .

# ڤ ڤ ڤ

# ق ق



ڤڕین
ئەوە کوترە هەڵ دەفڕێ
لەکاتی هەڵفرینا گڤەی باڵی
دێ ، باڵی گڤەگڤ ئەکات .

نیوانی ئەودوکیوە
قوڵە، دوڵە قوڵە .
قاوەقاوەکە، ئەوکێفە
دەنگ ئەداتەوە .

# ک ک



کورد ، ئەم مرۆڤە کوردە



# ل ل

لانک • پێغەمبەری مەزنی ئیسلام ئەفەرمێی

لەسەرپەتی لانکەوە تا دەمی مردن

خەریکی فێربونی عیلم وە زانست بە

# گ گ



گوللە

ئەوە گوللەیە



گوڵ وگوڵدان

# م



ماموستا

ئەوە ماموستایە ، خریکی نوسین وە

فێرکردنەوە ، لەبان تەختەی

ڕشەوە ، ئەنوسێ •

# نـ ن



نا رنجۆك ، ئەوە نا رنجۆكە

# و و



وولات ، ئەوە وولاتی منە

وەرەبنوا ڕەجەن جوانە

# ھ



هەرمێی

ئەوە هەرمێی یە

هەرمێی

گولاوی



هەلۆ

هەلۆ

بەهەلۆی مردن

نەك پەنا بە قەلیڕووڕەش بردن

# ێ ی



بەكێتی ، گەلانی

ئیران ئەبێ

هەموییەك

بن ؛ تا

بەسەر

دوژمنا زال بن

# ژن لە ئیسلامدا

دینی پاکو بێخەوشی ئیسلام ئەو دینە عاسمانییە کە بو ئافرەت ڕێزدا ئەو پلەو پایەی ئەباتە بانو، مافو، حوقوقێکی تەواوی بۆ ژن لە بەرچاو گرتوە، دینی ئیسلام ئافرەتی لەناو بەرەی مرۆی جهانا سەر بەرز و بڵیندو بەڕێزو پێزکردوە،و لە دوا پلەی ژیانا لەناو کۆمەڵ باڵی پێ‌گرتوەو بردویەتە ئەو پەڕی بەرزی و بەڕێزی ولە نزمی ڕۆژگاری نەزانیو نەفامی هێناویەتەبان بەرزترین لوتکەی ئاواتو ئارەزو ی خۆی . بۆي حضرتی محمدص ئەفەرمێ : "بەهەشتی خێرو، خۆشیوا لەژێر پێی رەزای رەزا شیرینی دایکا"و خودایش کاتێ بەرەي مرۆ پەندئەدا ئەفەرمێ : ئەی بەرەی مرۆ : " هەرگیزاو هەرگیز دڵی بابو، دایکتان نەشکێننو تەنانەت لای ئەوان مەڵێن: "ئۆف" ئاخو، ئۆخو هەناسەی سارد هەڵ مەکێشن " وَلا تَقُلْ لَهُما أُفٍ ،.. لە ڕۆژگاری بەر لە پەیابونی دینی ئیسلام دا خەڵک بەتایبەت لە عەسری جاهیلیە تا ئەگەر ئافرەتێک کچی ببایی

میردەکەی ڕوي گرژ ئە بووو ڕوش هەڵدەهات وەک کەسێ کوسپی کە وتبێ کرپی ئەکەوەت وتەنانەت کچانیان زیندە بەگۆڕ ئەکرد، ئەوەیە خودا بەتوڕەیی یەوە هەرەشە ئەکاتو ئەفەمێ : وَإِذَا الْمَوْؤُدَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ . "واتا :خودا لەو کیژۆڵە زیندە بەگۆڕ کراون و کوژراوا نە، پرسیار ئەکات : بەچ‌سوچ و تاوانێک زینـــدە ، بـــە گـــۆڕ کراون و، کوژراون خودا بەم جۆرە ئەیەوێ ئەوکارەناشیاوو ناپەسەندانەی ئەوکەسانە وا ئەو کیژۆلانە بێ‌سوچانەیان زیندە، بە گۆڕ ئەکرد، دەرخات . ئەفەرمێ : " وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا " وَهُوَ كَظِيمٌ " یانی: هەر کاتێ بەیەکێک لەوان هەواڵ بدرايێ کە کچیان بووە لە بەر توڕەییو پەرۆشی خۆی ڕەش هەڵدەگەرا و پیشی ئەخواردەوە وخەم وخەفەت گیان ولەشی دائەگرت خودا بۆ ئەوەی ئەو بیــرو ئەندیشەلەمێشکی بەرەی مرۆدا بباتە دەرێو خەڵک حاڵی بکات کە کیژو کوڕ وژن و پیاو لەڕاست دینی ئیسلامو ئافرێنشەوە لە یەک پلەو پایەدان ولە یەک ڕەگ‌ژین ، وە لە ماف وحەقو، حوقوقا یەکن هەر وەک خودا لە قورئانا

ئەفەرمێ : " وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ " یانی ئافرەتان دارای هەمان ماف و، حوقوقێکن کەنیسبەت بەجێ بە جێ کردنی چاکەو چاکەکردن و ئەنجام دانی ئەرکی سرشانی خۆیان مولزەم کراون لەئیسلاما ئافرەتیش خاوەنی مافی دەسکردی ئیکتیسابی یە، لەژیانی خۆیدا هەر وەک پیاو خاوەنی نتیجەی کارو کردەوەی خویەتی ، ژن مافی کڕینو فرۆتنو کار وکردو خەرج کردنی ماڵ و سامانی خۆی هەیە، ئافرەت وەک پیاو تەتەنیا ئەتوانێ بخوێنێ بەڵکو لەسەریەتی بخوێنێ و خاوەن بیرو ڕاو ئەندیشەي خۆي بێت وەتە نانەت ژن ئەتوانێ ببێتە ولِی وسەر پەرست وەک خودا خۆی لەقورئانا ئەفەرمێ : " الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ . تائاخری ئایەتەکە " یانی: پیاوانو ئافرەتانی خاوەن ئیمانو بڕوا هەر کامیان بەسەر. ئەوی تریانا مافی سە ر پەرستی کردنو فەرمان ڕەوایی یان هەیە . تەنا نەت لەکاتی ئافرینشا کەخودا بابا ئادەمی خەڵق کرد، تەنەحەوایشی لەتەکیا خوڵقاند ولەئەمرونەهیشدا قسەی لە گەڵ هەر دوکیانا کردوەوهە ردوکیانی سەرکۆنە و. سە رزەنش‌کردوە.

# گـــۆران

بەلەوەری هەست و بیری گۆران هەسنیاری تاقانە
ـە هێلا نەی دەرون هەڵ ئەفڕێ ولەژێرعاسمانی شین و
ـو پەڕ نەبینراوا،کویستان و چیا سەر بەرزەکانی
کوردستانی دا،لە پێوە ، شینایی باخو دارستانی
حروپر لەپێش چاوی وەک مافورە راخرا بوو تا چاوکاری
ئەکرد جوانی بوو سەیری هەر لاییکی ئەکرد باغچەی گوڵاڵان

ـوو، گوێ بۆ هەر ئاهەنگی ڕا ئەگرت بەستەبوو ، نەغمەبوو
گورانی بوو بەو کەشکەڵانە بەرزە،چاوی کەوتە شاهۆ :
ـوکی جوانی سرشت کە لەژێر تا رای‌سپی بەفرا بزەیی
نیشتبووە، سەرلێوی ، بە ئە سپایی بەرەو شیو و ، دۆڵاودو
کانی کشا لە لیواری سیروان لەسەر بەردێ نیشتەوە
ـەری بەرەو لوتکەی شاهو هەلبڕی و دەسی‌دایە نوسینگ و
پینوس وقاقەز وەچو بەتانی جوانیدا لەژێر سەر دێڕی گەشتی
لە"هەورامان"دا دەریایی گەوهەری هەڵرشت کەهەتا
ـەتایە کەس وەها گەوهەرێکی نەدیوەو نایشبینێ .

# گەشتی لە هەورامانا:

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردە نکەش
عاسمانی شینی گرتوتە باوش،
سەر پۆشی لوتکەی بەفری زۆرسپی ،
بە دارستان ڕەش ناو دولی کپی . . .
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو :
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو .
هاوارو هاژەی کەف چەرینی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم !
تولە ڕیی باریک ، توناوتون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بی‌بن . . .
ناو ڕێگا تەق تەق ، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردون پێ‌ی نە داوە تل !
گاسەرەو ژور ، گاسەرەو خوار
تاڵی‌و شیرینی دنیای ڕێبوارە ! . . .

# ریبازی :

وتا قم‌وپا رتێکەوە،لەسەرتوا نـــای
خوّما ن بـــۆ بەرگـری
کردن لەرە خنەی
ئیمپریالیزمی جهانی بە سە ر کردەیی
ئیمپریالیزمی ئەمریکا وپاشماوە ی‌ڕە ژیمی
طاغوتی و دوژمنە کونە پەرستەکانی شوڕشە
گەو رە کە مان لەگەشەپێ دانی فەرهەنگی
نەتەوایەتی کورد و ، ناساندی ئەم فەرهەنگە
بە هاونیشتمانەکانی تری ئێران ، هەر چەن
بە شێکی چکو لەمان هەبێ .
دیارە گۆڤاری گرشەی کوردستان لەهەو

ڵین هەنگاودایە، ئەمە هەوەڵ دەسکرد و
کاری ئێمەیە ، ئەمە ئیشێکی گرینگ و پرسودە
نیازی بە هاوکاری خوێندەوارانی بە ریزی
کورد هەیە ، کە بەناردنی نوسراوەو هەلبە-
ست و بەیت‌وباو ، وفولـکلورو میراتی ئەدە
بی و هونە ری وچیرۆکو ، وینەوشتانی‌تر
یارمە تیمان بدەن .

گرینگترین تیکۆشانی ئێمە ئەوە یە کە
نوسراوەکانمان لەگەڵ راستییەتی زانیاری‌و
روداوەکانی کات‌و زەمان یـەک‌بن ویـەک
بگرنەوە، لەم‌ڕێ وشوێنەدا بەرەخنەوپێشنیارە
جوان‌و دڵسوزی یەکانتان یارمەتیمان بدەن .

# ژیانی کچ

قانیع

کچی کورد ، لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتـی ، سیاسی و ئابوری بێبەشە، لەناومال و خێـزاندا وەکوو کوڕ تەماشانا کرێ، تەنانەت شوکردنیشی بەدەست خوی نی یەولە هیچ دەردومەینەتێکدا هاواری بە هیچ کوی ناگا . قانیع لەم پارچە شیعرەدا ژیانی تاڵ وچارە رەشی کچی کوردی زۆر بە وردی نیشان داوە .



لە کوڕی وەستاو بەزازو تەساب
داوا کاری بن لە چاك و خراب
عقیوە ئەفەندی و حاجی ژن مردوو
پیچڕە خنەدان کۆن و رابردوو
ئەمجا رداك و باب ئەکەونە تەگبیر
گوێ نادەن بەوە، جوان بێ خۆ یا پیر
تەماشا ئەکەن هەر پارەی زور بێ
ئیتر کەیف خۆیە ، ڕەش بێ یا بور بێ
کچی بەستەزمان ئاگای لی نی یە
نازانێ چیەی دایك و باب چی یە
ئابی دێتە جواب ، حاجی زۆر چاکە
خاوەن پارە یەو، زۆر زۆر دڵپاکە
گوێ مەدەن بەوەدانی نەماوە
ئەمەنی جوانی ئە واوفەوتاوە
لیرەو مەجیدی، لە تاکەوجووتە
کۆمەلی کردوە، تائازە زوتە
کاتێ کچ زانی کە ئەیدەن بەشوو
ئەیدەن بە حاجی و دنیای لە دەس چوو
خوڕ خوڕ فرمێسکی لە چاودێتە خوار
پێچ ئەدا لە خۆی وەك ماری زامار
ئەڵێ هەی جوانی ! هەی دنیای ڕۆشن!
هەی دایك و باوك! هەی دۆست و دوژمن!
هەی گەورە کچان ! هاوسەر ، هاوفەردان
بۆچی کۆمەلی حیمایەی حەیوان
ناپرسن لە حاڵ ژیانی کچان؟
ئەگەر ئینسان نین، مەعلوم حەیوانین
بۆچی بێ خەمخور ، لەروی جیهانین ؟
کچی بەستەزمان دەوری ژیانی
سینە مایکە ئەگەر بزانی
کە لە دایك بوو ، ئاهەنگی نی یە
ئەڵین ئای کچە فائیدەی چیە ؟
بێ پیروزانە ، کەس بوی نایەنی
لە هیچ کەس بەچاکە هەرگیز نایدوێنێ
پێ پیر و پیرەژن دەوری دایکی ئەدەن
لێ هەریەك بە جۆرێ دڵخوشی ئەکەن
خەم مەخو خودا لە سەرکەرەم بێ
کوڕ پشت ئەبێ، خاترت جەم بێ
بەبرسێ ئەگری هەتا ئەتوانی
نابی بەدارتاش ، نابێ بەتوجار
نابێ بە نالبەند ، نابێ بەعەتار
ئەگەرلە حەوشە سەربینیتەدەر
دایکی تی ی ئەخوڕێ : بی حەیای ماکە
ئەم بەستەزمانە هەتا پازدە ساڵ
دیل و گیراوە ، دەرناچی لە ماڵ
کاتێ گەورە بوو ، دینە هاتووچوو
بەلای تاحیری کچ ئەدەن بە شوو
بوئیشی ناومال، بۆهاتووجوی دەر
ئەمیش پێویستە لە جی ی کارەکەر
سەدساڵ نەخوش بێ نایینێ دەرمان
لە جی ی دڵخوشی هەر چەپۆك لێدان
نابێ نان بخوا تا هەمووخیزان
ئەچێتە دواوە لە سەرسفرەی نان
لە پاشان ئەمیش ئەگەر نەتورێ
لە پاش خوان بخواو حاجەت بشورێ
ئەگەر بتورێ هیچ کەس نازانێ



# کاروکردەوە...

ئەو ئەندامانەی‌وا بەحەقەو، مافی خۆیان رازی نین خۆیان هەڵ ئەدێرن وئەبنەهۆی زەرەرو زیانــــی خـەڵکـــی دیکەیش ئەبـێ ئەمەیش بزانین پێی زیادە ڕاکێشان مانای ئەوەنیە کەمرۆ لەژییانیدا وەکـو بـەرد لـەشوێنیکا داکەوێ‌و هیچ هەستی تەکان و بزوتنەوە و، پێشکەوتی تێدا نەبێ ئەندامی ئازاو وشیاری ناو کومەڵ ئەبـێ لەژیانیدا هەمیشە تێ بکۆشێ و هەوڵ بدا پێشچونی کەوێ و بۆ بەرەو پێشچونی باری چاکتر کردنی ژییانی خۆی و کومەل و هۆزی، تەقالا بدات وتێ‌بکوشێ چونکا ئەگەر مرۆ لەتێکوشان خۆی ڕابگرێ مانای ئەوەیە، کەمردوە ئینسان نابێ بژی بۆمردن، ئەبێ بمرێ بۆژیان واتا :مرو ئەبێ تێ بکۆشێ تا بەهۆی تێکۆشانەوە بتوانێ هەم بۆخۆی و هـەم بۆبەرەی مرۆ بە کەڵکو سودبێ، هەر وەک یەزدان. لە قورئانا لە سورەی نجم" ئایەی ٤٠دا ئە فرمـێ : وَاَنَ لَیسَ لِلاِنسانِ اِلَا مَا سَعَی وَ اَنَّ سَعیَهُ سَوفَ یُرَیْ " یانی : لە سەر بەرەی مرۆ پێویستە تێ بکـۆشـێ و کار بکات، دیارە سەر ئەنجام و لە ئاکاماو لەداهاتودا بەرو بوی کارو تێکوشانـی خۆی ئەبینێ و پێی نەگەیینرێ .

بەڵام تێکۆشان ئەبێ لە چوارلاییکی وەهادابێ کە زیبیانی بۆ خەڵکی تر نەبێ ،ئـەگینا هیـچ عـەقڵ‌و ئاوەزو رەسم‌و یاساییک نابیژێ :مرۆ لەکونجێکا دانیشێ‌و بەتەمەڵی‌و تەوەزەلی تەمەنی خۆی ڕابوێرێ‌و بداتەسەر.

بەڵکو هەروەک زاناو هەستیاری بەرێز، تاقە ئەستیر

ەی ویژەی گەلی کورد حوالێحوشو حاجی قادری کۆی ئەیژی:

"لازمە خول بخوێ وەکو بەرداش . هەمو فەرنی ئـــە کوڕێ ئەمری مەعاش"

لەبەڵی ئیشی حیزو بێخێرە دەسی ماندو ، لەسەر زگی سترە "ئەندامانی هۆز و کۆمەڵ کاتێ لە بە رو بوی دەس هاتە کانی خۆیان ئە حە سێهەوە و ماندو بوبی لە شیان دەر ئـەچـێ ، کـە ریـــگای سەرکەوتن‌و پێشکەوتن و دەسکەوتنی بیروّری لە ژیانا ماند و بوبن ، ئەگینا هیچ نامو مەزەی بەبانی نازانن‌و نایش توانن ئەو ژیانە بیروّرە راگرن و جوان کەلک و سودی لێوەرگرن . روّژێ لەو کە ناتە کە چاو ئە کە بە وەدو ئەبینین هەموستنکیان هەیە ، ریگای رسانی پرسودو بەکە لکیشیان لێ هەڵە ئەبێت و لیان ئەستوێ . وەئە کە و ئە سەر رێگاسکی نالە بار و هەڵەو جەوت‌و جر و لە سەرئەنجامانە و مال‌و دارایی‌و سامانەی ، کە وا کەوتوتە بەر دەسیان زوّر بە فیروبی لە ناوی ئەبەن‌ود سودێکی وای لیی نا بەن کە دڵیان ئاسودە بێ هە لبەت ئە مە بش هەمیشە وانیە چونکا برێ جار ئە لوێ ئەو جوّرە ئەبێ

امانەیش بە هوی بەرنیەتی راست و دروستەوە وا بارێش کە بتوانن بە جە شتێکی چاک و جوانجاو ، بە ڕێوەبچن .

بە لام ئە وانەی وا بە جە رمە سە رێ بـەستـێ گەیشتون باشترئە فوانن چلون ؟ کە ڵک وسودی لێوەر بگرن و بێ لە بەرەی خۆیان زیاتر رابکێشن . ئەندامانی تیکەیشتو هـــێچکاتـێ لە ئـەنـدازە

دەرناچن و لە بیناوی کەسێش بە هەر ئامانج و هە دەفێکا بدینی پێوسێ ئە و ئامانجو هەدە ئە بوینێش بردنی کارو باری خوبان ریگا ئەبرن . ئیتر سودی جە ڵکێ ناکە نە فورپانی سودی خوّبان بەڵکو بە جە شتێ باری خوّبان بار ئەکەن کە بە بێنـە هوّی ئاسەنگ کردنی کارو باری ئە نـدامانـــی دیکـەی هوّر و کومەڵیان بە واتای تر

ـــە مرۆ زیندەوەرێکە ئاتاجو خودان بیارە وەبولا بردنی‌بیازی خوّ یو ژیان بردنەسەر ، ناچارە نا لەم جهانەدا ئەژی لە سەعەت‌و بەخششی خودا سود وەرگرێ وەئەم کەڵک وەرگرتنەیش بەم جوّرە ئەبێ بان لەو بەدیهاتوو شتێ گەلە وا دەس بەرەی‌مرۆئەکەوێ دەسەموبان‌بکەن و کاریان لێ‌بکێش ، بان‌بیان‌گوّڕن‌و بیانخەنە سەر بیچمێک کەمرۆبتوانێ بەئاسانی لە کاتی خوّیدا لە وشتانە وە لەو بەدیهاتوگەلی خودایە، کەڵک وەرگرێ . گوزیی ئەوانەکە بەدەسی بەرەی مرۆ وەبولا بردنی نیازی خوّی جێ بەجێ ئەکرێن ئەبێتەپایەو بنێشە بۆ پەیابونی زیندەوەرانی تر ، وەئەم بەدیهاتوانەی وا لەم دنیایە دان‌ئەبنەدەسمایە بۆبەرەی مرۆ ،وئەم دەسە موکردنە وکار لێ‌کێشان‌و ئاڵ‌و گوّز کردنەی بەدیهاتو گەلی خودایی‌یە ، لە ئاکاما خوّی ئەم هوّیە پێک‌ئەهێنێ کە بەرەی مرۆ دەسی بکاتە کارو سازکردنی شتگەلێکی تر وخولقاندنی پەدیدەگەلێکی تازە کە ناوی کارە ، بەڵی :کار رەمزی خلقەتە ، رەمزی ژیانە ئەوەیە کاری‌یەو بۆکۆمەڵ‌وهۆزیشی بەڵکە رەمزی حەقە . ئەگەر ئینسانێک شتێکئەخولقێنێ‌نیشانەی‌خودایە، خودایش‌لەقورئانا‌خوّی‌بە "أَحسَنُ الخالِقين" ناو ئەبات وەئەمە دیاردی ئەکات وزوّر بەروناکی ئەنیژی‌کە ئینسان خەلیفەو جێ‌نیشینی خودایە لە سەر زەوی هەر وەک قورئان لەسورەی بەقەرە ئایەی ٣٠ دا ئەفەرمێ : " . . . إِنّي جاعِلٌ فِي ٱلأَرضِ خَلِيفَةً "

یانی : ئەی‌مرۆ توّم کردوّتەجی نیشنی خوّم لەم سەر زەوی‌یە خودا بە خولقاندن‌وئافەرینش‌وکارو کردەوەخوّی بەبەرەی مرۆ ناساندوە ، گشت بوون‌و هەبونێکمایەو هەوێنی لە کارو کردوە گرتوە ، ئەگەر پەدیدەوبەدیهاتوە کانی‌ئەم جهانە چاوێک‌بخشێنین‌و جوان سرنج‌بدەین ئەبینین‌و باش بۆمان دەرئەکەوێ‌کەهەمو ئەم بەدیهاتوانەی وا لە بەرچاو مانن لەبەدیهاتوگەلی

تر، بەدی هاتون و پەیابون و ئەوانیش لەهی تر، بەدیهاتون، وئەگەر هەر وابروێن و سرنج بدەین و بیربکەینەوە باشتێ ئەگەین کە هەر بەدیهاتوییک لە بەدیها توییکی تر پەیابووە وئەمە تائەو شوێنە ئەڕوا تا ئەگاتە هەوەڵین بەدیهاتوکەپایەو مایە وهەوێنی گشت بەدیهاتوانی جهانی هەبوونە. وئەمەش وێنگەی ذاتێکە، کەعەینی ذاتی خودایە، بەواتای تر تەوای بەدیهاتوەکان پرشینگی نوری خودان، خودا لە حەدیسی قودیسیدا فەرمویەتی:

" من گەنجینەییکی نەهێنی و نەهانم، پیم خۆشە بناسریم " ئەمە ئیرادەی خودایە کە خۆی بەئافەریدەی خۆی نباسینێ، خودا ئەیەوی بەم کارە خۆی نیشان بدات، کە وابو جوان دەر ئەکەوێ کارو کردەوە نوێنگەی ذاتی خودایە، نوێنگەی ئیرادەی حەقە، لەمەوە باش ڕوناک ئەبێتە وە کە بۆچ لەئیسلامائەوەندە لەبابەت کارو کردەوەوە قسە کراوەو بەکاراهەڵخوێندراوە، چونکا کارکردن خۆی عیبادەتە، لە بەر ئەوەی گشت بەدیهاتوەکانی جهان لە کارکردن و کردەوە پەیا بوون، هەر وەک وتمام: خودا خۆی بەکار بە ئافەریدەی خۆی ناساندوە ئینسانیش کەجێ نشنیی خودایە لە سەر ئەم زەوییەبەکردەوەو کارکردن ئەناسرێ، کردەوە نیشانەی پیاوەتی وژیان و بوژانەوەی بیرو ڕاو ئەندێشەی ڕاست و دروستی بەرەی مرۆیە.

بویی خودا ئەفەرمێ: " كُلّ نَفْسٍ بِمٰاكَسَبَتْ رَهِينَةَ. . . "

یانی: هەر گیانداریێ لەبارمتەی کاروکردەوی خویدایە واتا: بەکارو کردەوە ئەناسرێ. ئیسلام لای وایە هەر مرۆیێک خشتێکە لە دیواری بەرزو بڵێندی کۆمەڵگای ئینسانی کەوا، بو هەرچی مرۆ کار زانتروبەکردەوە تر بێت و کارو کردەوەی پرسودو بەکەڵک تربێ ولەناو گەل و هۆزو کۆمەڵا بەکارو کردەوەی باشرو پرسود خۆی نیشان بدات لە ناوخەڵکا بەرێز ترو بەرز تر ئەبێ. کار میوەی ئیرادەو بزوتنەوەی مرۆیە، ئیرادەی مرۆیش لە لیێ پرسراوی و مەسئولییەتی ئەوەوەسەرچاوە ئەگرێ، مەسئولییەتی مرۆ لەکۆمەڵا نیشان ئەدا، مرۆ لە دنیای ئیسلاما دیل نیەبەڵکو ئازادە، ئازاد خوڵقاوە، بەدی هێنەرە لە چاکەو خراپەی گەل و هۆزەکەی خۆی بەشدارە لەئیسلاما ئینسان زیندوە، ولیێ پرسراوی کارو کردەوەی خۆیەتی، ئیسلام فەرمان ئەدا کە مرۆ ئەبێ بۆ بەختەوەری خۆی و هۆزو نەتەوەو کومەڵی تێ بکۆشێ و بەشو نەسیبی خویشی لەژیانا لەبیر نەباتەوە. یانی، مرۆ ئەبێ لە ڕێگای کارەوە ژیانی خۆی دابین بکات و ئیسلام ڕێ نادا مرۆ بخزێتە کونج و تەکیەو خانەقاوەو خۆی بخە ملێنێ و باری قورسی ژیانی خۆی بخاتە سەر ئەم و ئەو وئەویش بە ناوی عیبادەت و شتیوا، خۆی بەسەر خەڵکا داسەپێنێ و بەرۆبوی کارو کردەوی خەڵک بخوات وخۆی بەدەسی خۆی بکاتە سەر باری بەرەی مرۆ، خۆتەماڵ دان لەماڵ و سامان ودارای خەڵک لەئیسلامانا شیاوە.

# نەورۆز ...

لەمیژودا هاتوە کەچوار هەزار ساڵ لەپێشزایینا (کیومرث ــ کەی مورس) نێوێک کە گویا پیش‌دادیان) ئەچنەوە سەرئەوپیاوەو، لەبەندی ٨٧"فەروردین یەشتدا زۆری پیا هەڵگوتراوەو ،بـە هەوەڵ ئادەمیزاد ناسراوە ،کە گوی‌ی داوەتە فەرمانی (ئاهورامزدا) ئـــەم پیاوە مەزنە هەر لەو دەمو چاخەدا پیاوانە دژی (ئەهریمەن) ڕاپەری کـە ئەی ویست هەریمی ژێر دەسلاتی ئەو میرە داگیرکات و خۆیشی بەردەستکا .

فردەوسی شلە بارەی ئەم شەڕو تێشکانی (دیووئەهریمەنا) بەدەس (کەی مورس) و(ئەبوریحان بیرونی) و(حەکیم عومەری خەیامیـــش لایان وایە: جەژنی (نەورۆز) ،لەڕۆژگاری کیومرثا داهاتوە ،بیرورای ئەم دوزانا مەزنە ئەم چیرۆکە کۆنە راست ئەکاتەوە کەکوردان لایان‌وایە: (جێژنی نەورۆز) یادگاری سەرکەوتنی "کیومرث" واتە: (گایومیرت)ە بە سەر(ئەهریمەنا ئەم دوزانایە بەم هۆیەوە پێشینەی کۆنی ئەم جەژنی‌نەتەوایەتی‌کوردەباش ڕوون ئەکەنەوە وئەم ڕاستییەدەر ئەخەن‌و پەردەی تاریکو شەوەرەنگ لەسەر ئەم ڕوژەلائەدەن ــ شیاوی زانین ئەمەیە : (تیموری لەنگ)لە بیرەوەریەکانـــی خوێندار نوسیوبەتی: من‌نەخۆشبـــوم (موبیدێکی ــ زەردەشتی) بەنێوی (سوری) هاتەلام وهەنگوینی بۆهێنام وتی :تیمور، هەنگوین دەرمانی گشت دەردێکە بیخو ،چاک ئەبی‌یەوە. . . هەروا پێکەوە قسەمان ئەکرد وتی : تیمور ،فردوسی لەشانامەدا نێوەکەی بەهەڵە تۆمار کردوەو، شوێنی ڕچـەی عەرەبەکان کەوتوە لە کتێبی ئێمەدا نێوەکە(گایومیرت) ە ــ(گایو) واتە : ژیر(میرت)یش بە مانای مێردە.

کەی مورس(گایومیرت) لە نێـو چیاکانی کوردستانا لەگەڵ(ئەهریمەنا بەشەرهاتو، بەدارو دەستەی خـــۆی ڕاگەیاند ئەگەر ئێمە لــەم شەڕەدا سەرکەو توبین‌و بەسەر دشمنازاڵ بین ،ئەبێ لە سەر نوچکەو لوتکەی کێـوە بەرزو ،زە ردە بڵیندەکانەوە ئاگرێک هەڵکەین‌کەگر مەشقە لانەی ئەو ئاورە لە هەمو شوێنێکی کوردەواریدا وەدەر کەوێ ،بۆ ئەوەی هەم نیشانەی‌زاڵ بونی ئێمەبێ بەسەردشمنانی کورد و کوردستانا وهەم فەرمانێکیش بـێ بـۆ گەرانەوەی سوپای خۆمان بۆلای ئێمەو بەم بۆنەوە سوپاکان لە گشت قوڵێکەوە خربـنە وەبێنەوە سەر شوێن ڕێگەی جارانی خۆیان .

سەر ئەنجام حەق بەسەر باتڵاو، روناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ بوو(ئـەهریمەن ) تێشکا ئەم هەواڵەبەوەسیلەی جارچی‌یەوەبەخەڵکی ڕاگـــە یینـدرا ئەڵێن :

ئەم پیرۆزیەی (گایومیــرت) بە سەر (ئەهریمەنا ) دەڕۆژی بۆنەورۆزی ئێستا دەویست (کەی مورس) فەرمانـــی داجـگـــە لەو ڕۆژەی و اتیا بـەسەر ئەهریمەنی داگیـــر کـــەرازاڵ بون‌و دشمنیان تێک شکاند ، نۆرۆژی دیکەیش جێژن بگرن‌و ئاگر هەڵکەن‌و شایی‌وزەماوەندیش‌سازکەن ، لەشکری کیومرث‌کە ئەم فەرمانەیان بیست نۆرۆژی دیکە لەسەرلوتکەی‌کیوە بەرزەکانی‌کوردستانا زۆر بە دابو دستور ورێ‌ی و شوێـــن جەژنی (نۆرۆژ)یان بەئاور کردنەوەو ورۆناک کردنە وەی دەرو دەشتو کەژو کێوو بەشایی‌و ڕەش بەڵەک دایەسەر وە هەر لەو کاتەوە جەژنی (نۆرۆژ) ڕەنگو ڕوی نەتەوایەتی‌گەلی کوردی بەخۆی گرتو گشت وەرزو ساڵێک ئەو جەژنە پیروزە بەئاگر کردنەوەی تایبەت بەڕێوە ئەبرێ ئەگونجـــێ واژەی (نـــۆرۆژ) بەدریژایی رۆژگار بوبێتە (نەوروز)

ئەڵێن ضوحاک لە(ئەورشلیم ) وە بە سوپاییکی زۆرەوە هوروژمـــی هێنایە سەر خاکی‌پاکی‌کوردستان وئەو هەریمەی داگیر کردزۆرو ستمی ئەو زور دارەبێ بەزەیی‌یە ،خەڵکی لە گیان‌و ماڵی خۆی زۆر ،بیزار کرد تا (کاوەی) ئاسنگەری‌کوردلە ضوحاک راست بووەوەلە ناوی برد ئێمە لە چیرۆکی (کاوەو فەریدونا ) ئەم مەبەستەمان بەگوێـرەی لێکوڵینەوە روناک‌کردوتەوەکاوەپیاوێکی کوردی‌نەبەزو نەترسو ریا بو لە هەلێک ئەگەرا بتوانێ لە ضوحاک راست بێتەوەو

ئەوەبووکەلەسوڕاندوەی (نەورۆزا) کە
دەبرانی ضوحاک سەمکەرە ولە هەزارو
یێکەس بێ خەبەرەو خەڵکـــی و عێل و
عەشرەتی ئەووهەروەهاکوردەکانیش هەمو
ئازەسەدوەو ،ئاگر دەکەنەوە و ،جەژن
ئەکرن ئەوە بو لە تاریک ولێـــڵـــەی
سوڕانەوەی ساڵی نوێ دا واتە: (نەورۆزا)
کاوەی قارەمانی کوردیارچە چەرمەکەی
دەرۆکی خوێ کردبەئاڵا وکـــوڕانــــەی و
ی کرد خەڵکلـــە دەوری (کاوە)
بونەوە. کاوە چەکوشێکی کــوتـــی
لە سەرباهود وخاشی کرد. زۆرلێکراوان
لە کاوە خڕبونەوە ودەستیان کـــرد
بە هەراو هوریاو بەرەو شوێنی شازادەی
نەوێ (فەریدون) ی کوڕی (ئابتین) کە
ز. ئەدرێکەو (فەریدون) یان کردبە
بادشا ومەزنی خۆیان ومۆژدەی پیرۆزی
زەوال بونی کاوەبە سەر ضوحاکا لەهەمە
بوشونێکی کوردەواری و ئێراناسـلاو
بووەوەرخەڵکی لەخوشالدەسەرحاورە
ردە بەرزەکانی کوردستانا ئاگریان کردە
وەوەیە جۆرەدوبارە سەرەوەری پیرۆزی
سەرب) زیابەوە
ئردی ئەمرومەزنی کوردیش دەڵێ:
رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی وبەهاتەوە

* * *

لە نیشتوهەنـــدی بنـــەماڵـــە
گرادەکانی لای بۆکان و سەقزومهابادا
ناوی زستان بەسەد ڕۆژدا دەبێــــن
ئەلێن: ئەمەنی زستان سەد ڕۆژە بەم
ئاتە: کەزستان سێ مانگەو دەڕۆژی
هەوەڵی بەهاریش واتە: دەڕۆژ لە مانگی
حاکەسوە کە ئەو ڕۆژێشی پێ ئەڵێن
هەر ئەدرستان ئەرمێژن و هەر ڕۆژێکیش
لەم سەد ڕۆژانە بەناوی یەکێکـــەوە
ئەناسەت بەناوی مەزنی ماڵ و خێزانەوە
ناو دە بەن و ئەیکەن بەبەختی خاو و
خێزان بوونە: ئەگەر: کوێخای ئاوایی
نێوی (زیان) بێ وگاوانی ئەشکەس نێوی
(بارام) بێت هەوەڵ ڕۆژی زستان یان
بەناوی (ژیان) ی کوێخاوە ناو نا ڕۆژی
چل و نوهەمێنی زستانیش بە نیـــوی
(بارام) ی گاوانەوە، ناو ئەنێـــن جا
ئەگەر هەوەڵی ڕۆژی زستان کە ناویان
ناوە (زیان) و ڕۆژی، چل و نۆهەمی
زستان کە ناویان ناوە (بارام) خۆش و
ناو، وساێ و لەورۆژانەدا شتێک نــــە
ئەومی خەڵکی هیوادار دەبن و لایان
وائەبێ کە ئەو ساڵە بۆ خاوو خێزانـــی
(ژیان و بارام) واتە هەر لە کوێخاوە
تا گاوان ساڵێکی تەڕەساڵ وخۆش و باش
دەبێ و هەمویان لەدەرد و بەلا و کرێ
و هەزاری بە دور ئەبن جا ئەگەر واهە ــ
نێکەوێ کە چەن ساڵ لە ســــەر یەک
هەوەڵ ڕۆژی زستان واتا (ژیان) بـــە
خۆشی و بێ گیرە و کێشەرابوێرێ خەڵکە
کە، ئەو ڕۆژی (ژیان) بەبە ناوی دەزانن
و ئۆیان دەبێتە سەروەری یەکی باش جا
بەم جۆرە کە، ونمان بە گرادەکان ئەو
نەوەد ڕۆژە زستانە و دە ڕۆژەی هەوەڵ
بەهارە کە ئەوان هەر بە زستانی دە ــ
زمێرن بە نێوی مەزنی خێـــزان یان
مەزنی عێل و عەشرەت نێوی دەنێن
لە هێندێ لادێ کرماژی ...کەی



کەم بێ ئەو سەد ڕۆژە بە نێوی یەک
یەکی خاو و خێزان و ئەناسەت ئاژەڵ
و مەر و ماڵات ناو دەنێن ئــەناســەت
ئاژەڵێ کە زۆریان خۆش بوێ وەک:
ئەسپ و گاجوت و مەر. ئەبێ ئەمەش
بزانین کە بە هەوەڵ مانگی زســــتان
دەڵێن: (بەفرانبار) (هەوەڵ زستان)
و (چلەگەورە) و (چلەی پێشیـــــن) و
(بەفرەمبار) و (بەفرەوان) و (بــــە ـ
فرانیش) پێ دەڵێن و بە مانگی نێوە ـ
راستیش دەڵێن (ڕەسەندان) ـ بەندان ـ
چلەچکۆلە و چلەی پاسین و بە ئاخر
مانگی زستانیش دەڵێن: (ڕەشەمە) و
(ڕەشەمێ) و (کە و بەدیار) و (پۆلاون)
و هەلکڕێن، (ڕەسان) و (ڕەشانگ).
(کڵەکترە) کە لە شارۆێراندا
(کدڵە فند) و لە هێندێ شوێنی دیکە
(کە لە کوندە) شی پێ دەڵین. ئەم
باڵندەیە مەلێکی چکولەیە بەئەندازەی
پا ساری یەک تا بی ڕەنگی خولە مێشین
و بۆزە ولای سینگ وشاباڵەکانی سپی یە
دەڵین لە پایزانا نەوەد دەنگ نۆوبی
کە نکەلاسک کە دەندەلۆشکیشـــی پێی
ئەڵێن بو نۆسەی زستانی خۆی خردە
کاتەوە و لە هێلانە کە باعەماری دەکات
جا لە هەوەڵ ڕۆژی زستانە وە هەر ڕۆژ
یەک دەنکی دە خواوبەنـــەوەد (٩٠)
دەنکە زستانی پێ رادەبوێری، عەوام
لایان وایە ئەو کردەوەیە سروشتێکـــی
حوانی یە و بەڵکە بۆ ئەمە کە زستان
نەوەد (٩٠) ڕۆژە .و دەبێ ئەمەیش
بزانین کە ئەم باڵەندە بە ج مێ بێ
ج سرسە ئەم کارەدەکات وهەر یەکەیان
بە جۆی بۆ زستانی خۆیان نەود دەنک
لێ کە نکەلاسک عەمار دەکات.

لە کوردەواریدا زســتان بــەم
جۆرەیشدا بەش ددکەن لە هــــەوەڵ
ڕۆژی زستانەوە، یاسی لە هەوەڵ مانگی
(بەفرانبار)ەوە، تا دەهەمین ڕۆژی
مانگی (ڕێبەندان) بە چلەی گەورە
دائەنێن و دەڵێن :تەمەنی کـــوری
گەورەی زستان چل ڕۆژە و لەپانــزەی
مانگی ڕێبەندانەوە تا ئاخری مانگ ناو
ئەنێن چلەی بچوک و دەڵێن :تەمەنی
کوڕە چکوڵەی زستان بیست (٢٠) ڕۆژە
ئیــنجا نۆبەی سێ ڕۆژانەی (خاتو زە
مهەریر)ە کەسەرمای پیرێ ژنەشی پێ
ئەڵێن هەروەک لە عەرەبیا پێی دەڵێن
(بەردە لعجوز) .دەڵێن خاتوزەمهە
ڕیر خوشکی چلەگەورە و چلە چکولەیە،
بۆ تەواو بونی تەمەنی دو بــــراکــەی
دەگری و فرمێسک بەبە فرو باران دەرێژی و
ئەی کاتە تۆفان و کرێوە و شلێوە و بە
فرەلوکە.
لەباشی ئەو تۆفان و فەرتە نەو
کرێوە و شلێوە و سی ڕوژانەی خاتون زەمهەریر
نۆرەی (سێ شەشی هە یا سە)کە هەژدە
(١٨) ڕۆژە لە جوارەوە یاوا تا لە ٢٢ی
مانگی (ڕەشەمە) وە شەش ڕۆژ بەفر دە
بارێ و، شەش ڕۆژی دیکە بای سەخت و سەر
سەر دێکا تەگزەگز و، شەش ڕۆژیش
هەوا خۆش دەکات و دەبێتە ناو و ساو.
گیسکی بە لەمسیان (هەمس) دەڵێن:
ڕوژی ٢٥ی مانگی (ڕەشەمە) کە سەر لە
بەیانی هەوا خۆشبوە لە کۆزبەریان داوە
تا بچێتە لەوەڕین گیسکە کە ڕوی
کردۆتــە کەژ و کێوو لە خۆشیاندا هەر
گیفرگی لە خۆی داوە و، هەڵبەز و دابە
زی کردوە، لەپڕ هەوا ناخۆشی کردوە و

تەم و مژ هەڵی کردوەو بۆتە باو بۆران، سەرما زۆری بــۆ ئەو گیسکە هێناوە وەک هەڵاتوە و مردوە. جائەو ڕۆژە لەناو کوردەواریدا بە ناوی گیسکی بەلەمس، یان گیسکی کرۆی ماوەتەوە و باسی ئەو گیسکە بۆ بیرەوری ئەو ڕۆژە بە فولکلۆر ماوەتەوە.

باڵندە مراسیش ناوە بۆ ڕۆژێکی فولکوری، ٨٥ روژ لە زستان را بوردوەو مەل و باڵندە دەستە دەستە و پۆل پۆل بەرەو. هێلانەکانی ساڵانی پێشوی خۆیان بۆ سەر چڵان و بن کوی سوانان دەکەڕێنەوە، لەڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ و ٢٨ی مانگی (ڕەشەمە)دا جارێکیان سەرما و سە خڵەت وکرە کزی با دەستی پێی کردوە، وە بەفر گشت کەژ و کێوی داپۆشیوە، زەوی کراسی سپی لەبەر کردوە جا لەم کاتەدا مەل و باڵندە سەریان لێ شێواوە و لە برسان و لە سەرمان فڕیان نەکەوتوە ولەو کاتەوە ئەم سێ ڕۆژە لە مێژوی کوردەواریدا بە (مەلەمران) بــــە ناوبانگە.

دە ڕۆژی شکاکیش ناوبانگێکی تایبەتی هــەیــە، دەڵێن: عیلی شکاک لە هەوەڵ ڕۆژی مانگی بەهارا پێش هەموعیلە کۆچەرەکانی ئێران ڕویان کردوەتە، هەوارە بەهار و لەڕۆژی دەهەمی خاکە لێوەدا لە پڕ دنیا بوەتە تەم و، مژو کرێوە و . بەفر، بە جورێ کە سە ری لە خاو وخێزان و مەڕ و ماڵات شێواندووە، بەشێ لەو عیلە فڕی کردوەو. لەو ڕۆژەوە ئەم دە ڕۆژە بە ناوی (ماف وهەژمار) و دە ڕۆژانەی (شکاک) ناوبانگی هەیە دەڵێن: لەو کاتە بە دواوە خەڵکی تربوی ناو وساو ناخۆن و گوند بەجێ ناهێڵن و تا دە ڕۆژ پاش جەژنی نەوڕوز بیر لەوە ناکەنەوە کە بچنە بەهارە هەوار. جگە لە مانەی وترا وەکو پێشومانە لە گەرمیانێ وانا. لە کوردستانی بە تراو بە عیراق و داگیرکراو بەدەسی بەعسی چەپەڵ و نیژادپەرست. و تو کەری ئەمپــــریالیزمی ئەمریکا ،دومانگەی ڕێبەندان و بەفرانباری زستان بەم جۆرە بش ئەکەن دە ڕۆژ، ڕەشە زستانەو، چلەی گەورە تەمەنی چل ڕۆژە، چلەی بچوک تەمەنی ١٠ ڕۆژەهەمو ئەکاتە دومانگ و ١٤ ڕۆژی پێشوی ڕەشەمێ ئەرمەیە، و ١٤ ڕۆژی داوی ش سێفی و کێفی یە ئینجا ٧ ڕۆژ سەرمای پیرە ژنەیە.

# مانای گرشەی کوردستان

گرشە، واتا: پرشنگ دانەوەی خۆر، تیشک دانەوەی ڕۆژ، تیشکی هەتاو، وورشەوورشی تیشک و ڕوناکایی ڕۆژ کە، لەدوورەوە، بە گرشەگرش لەشوێنێک بدات، کاتێ مرۆ بڕوانێتە ئەوتیشکی خۆرە لە بەر پڕ بلێسەیی و گلپە گلپی نوردانەوە ناتوانێ چاوی هەڵێنێ و چاو بکاتەوە چاولە بەر تیشکی ئەو

نورە بە هێزو پرشنگدارە کەپەی ئایەی تاو لە سەریەک، وشەپۆل شەپۆل نور دەهاوێژێ هەر تور کە تورک بکات.

"ی" نیشانەی کەسرەی ئیزافەیە.

کوردستان وازەییکـــە دروست بووە لە "کورد" و "ستان".

کورد ناوە بۆ نەوەییکی جس و رەسەن کە خاوەن مێژوی سەربنەی دور و د ڕێژەو، خاوەنی ماناو ڕا و یسرە و یەکێکە لە بیرەکانی ئاری.

"ستان" پسانەی سسە نەو مانای نیشمان وڕێو شوسی زبانی گەلی کورد ئەدا وانانەوەلاتو هەرێم وکەوشەن وسوێنانەیوا هۆز وتیرەو لە نەوەی کوردی لێ نیشتە جێی بوود.

# • درووشم •

هەر چا کە چاکە

تۆ چاکە پکەو بیبە لەئاوی باوی

بیرکەوە بیر، کە بیر کردنەوە یەک. چاترەبۆت، لە هەزار ساڵ، عیبادەت کردن.

مرۆی موسڵمان ئەبێ نیشتمان ویست بێ. خودا کە سانێکی خۆش ئەوێ کە لەگەڵ در اوسێو خزم وکەس و کار و جیرانە کانیا چاک بێت. گەردونی چەوێل هەر بە چە سوراوە هەر بۆیە ئەوی ڕاستە تیا داماوە.

# چیرۆکی

## نەچیرو نەچیرەوانی

ئەم چیـــرۆکە یەکێکـــە لەچیرۆکە جسنو ڕەسنـــەکان کەتوانجو نەشەریشی تێدایە. هەر وەها، کەخۆتان دەزانن نەچیرەوانی لە کوردەواریدا زۆرباوە وکوردان زۆرحەزلـــە ڕاووشکارو نەچیرگرتن دەکەن، لەڕۆژگارانی، هەرەکونەوە ڕاو، وشکارونەچیرگرتن ونە چیرە ـ وانی لە نێوبندماڵەکانی شوێنە کوردنیشینەکاندا باوبـــوە وئێستایـــش، ئەو، داب و دەستورە هەرماوە، جاسەبارەت بەمە ئێمە دەمانەوێ لەم بەشە دا بەسەرهاتی نەچیرەوانیتان بۆبگێڕینەوە.

ڕۆژێک لەڕۆژان نەچیرە ـ وانێک بۆ ڕاو، وشکاری مەل و باڵندە، چوە، کەژو کێو دوڵاو دۆڵ گـــەڕاتاگەیشتـــە چیمەن و سەوزەزارێک مەل وباڵندەییکی زۆری، لیبو، وەخەریکی هەڵفڕو دافڕین بون، نەچیرەوان زۆر بەزیرەکی تۆڕی باڵندەگـــری ئامادەکردو، سەرێکی بەبنەدار یکەوەگرێداو، کە مێکیش گەنم و هەرزن و، کاڵ و، کارتیوشیتوا لە بەوشوێنەدا پرژاند و سەری

ئەو بەنەیشڕوا دەبو لەکاتی خوێدا ، ڕاکێشیێ وەتۆرەکەی پێوێک بێنێ وخریکای وەگرتی بە دەست خۆیەوە ، ئینجاچەن هەنگاوێک لەتورو داوەکە دور کەوتەوە ، ولەبن گژو گیاو گوڵو پرژو پلاژا خۆی شاردەوە وکە مێکیش بەرگی گوڵ و گیاو سەوزەی خرکردەوەو بەسەرخوێدا دا خۆیی داپۆشیو خویی لەپێش چاوان بزرکردوتەکانی لەخۆیی بریو بەچاوەنواری ڕاو ، وشکاری مەل وباڵندە هەستی لەخۆیی چنی .

لەولاوە باڵندەیەکی تیژباڵ وتیژپەڕ ، کەلەدورەوە دیمەنی جوان ورەنگینی ئەو چیمەن و سەوزەزاروکانی وئاو ، و ئەوسەوزەلانە پڕدارو درختەی ڕەجاوکردبو ، بەچە ترپێکان و باڵ لێکدان خۆیی لول کرد ، ولەنزیک نەچیرەوان نیشتەوە بەچینەدنوک لەزەوی دان و سەوزەفڕتاندن لەدانە دەگەرا . تاهێندێکی دیکە ، لە نەچیرەوان نزیک بووەوە ، کوت وپڕ ، نەچیرەوان تنیشی وپشمی (یان پشکی) باڵندەکە ، زۆر هەستیارو وشیاربو ، تیگەیی کەوا مرۆ وئادمیزادێک لەم شوێنەدایە وتی : ئەوەدەنگی پشمەی ئینسان بو ، هاتەگویم مل و گەردنی بەرزکردەوەو جوان سرنجی ئەم لاولای خۆیدا ، تەماشای کردواکابرایەک بەگژو گیا خۆی داپۆشیوەو خۆیی کز کردوە ، ئەوەبووکەمێک دور کەوتەوە .

وڕویی کردەنەچیرەوانە — کەوپرسیاری لێکرد ، وتی : هۆی ! کابرای سەوزەپۆش تۆکێی ؟و لەم نێوەولەم سەوزەلانەدا ، چدەکێت ؟ .

نەچیرەوان ، لەوەلاما ، وتی : تۆچت لەمن داوە .چ کارت پێمە ، تۆخودا ، وازم لێ بێنە ، دەستم لێمەدەمن مرۆیەکم کولولو هەژارو عابیدو زاهیدو لەخواترس خۆم لەدنیا ، داڕنیوەو دنیایش منی لەخۆیی داڕنیوە ، خۆم لە خەڵکی بزر کردوە ، دەمەوێ لێرەدا پشویەک بدەم و خەریکی خودادۆزیو عیبادەت بم . —

مەل : قسەیەکی تازەو سرنج ڕاکێشدەبیستم ، لەکەرۆکێو ! ! ئەویش بەم جۆرە ! ، لەژێرگژو سەوزەگیادا خۆشاردنەوە چلۆن دەتوانی نێوێنێ عبادەت وخواپەرستی ؟ . من لام وایە تەرکی دنیا و ، ریازەت کێشان ، کارێکی زۆر باش نییە .تازە عبادت کردن ئەمەی پێی ناوێ ، خۆپکەی ، بەژێرگژو گیاو ەو بییتەی کەژوکێو وچوڵ و بیابان و خۆت لەخەڵکی تەرەکەمو تەریک پکەی ، تۆدەتوانی لە گوندوئاوایی و لەنێوشاری خۆتاناو لەوشوێنەیوا ، لە پێشا ، لێ دەژیایی بمێنیتەوە ، وخەریکی عبادەتی خودابیت وئیشو کاری خۆشت پکەیو ژینی خۆت بەپاکیو دروستیو تیریو تەسەلی ، کەهەم بەکاری خۆت بییو هەم بەکاری خەڵک بێت بدەبەسەروراپی بۆبری .

تە مەڵو تەومزەل هاتۆی لێرە کانیدا دانشتویونیشوی ، دەنیی : عبادەت .کوڕە ! نامەردت نەکەن ، هەستەبڕو ، سەرکاروئیشی خۆت نەچیرەوان وتی : وادیارەتۆ باڵندە ومەلیکی سادەوخۆشباوەڕی خەڵکی ئەم ڕۆژگارت باش نەناسیوە ، خەڵک خراب بوە ، ژیانیان لەخەڵک تاڵ کردوە ، نابەڵن ، ئاسودە دانیشین ، خەڵکی زۆرزان وفێڵەزانن ، لە یەکتری فێلان دەکەن ، هەمو وان لەبیرخرکردەنەوەی ماڵو دروا ، . من دڵ ناسکم و کە مێکیش جنگزبوم توانایی دیتنی ئەم جۆرە شتانەم نەماوە منیش لەنافی جوانی خۆمدا چەو سانەوەو تەق و جەفی ڕۆژگارم زوردیوە ، وئیشوکاریشم زور کردوەو کەڵکیشم بۆخەڵکی بووە ئێستا پیربوم پەکم

کەوتوەوهێـــزی ئەژنـــۆم نەماوە لەمە زیاتر ناتوام گویم لە هەراو هوریایی خەلکی بێ و ئیتـــر نالەو نکەی ژن و مندال و قاژەو قیژەی خاو خیزان نەبی و ئەم چەن روژەی دوا تەمەنـــم بە عبادەت و بیرکرونەوە لەقەبرو قیامەت رابویرم و بەخوراکی گژو گیاقنیات ئەکەم ولـــەبــــەرگ و گەلای داریش لیباس بوخـــــوم سازدەکەم ، بەسمە ، ئیترلـــە دنیا تێربوم ، چی دیم ناوێ ، تاکەی لەبیری مال و دراوی دنیادابم چی لێدەکەم و بۆکوێ دەبەم ؟.

مەل : لەوەلاماوتی : وایە ئەمانەی وتت گشتیان درستن ، بەلام مردوت مرێ خۆ تـــۆحــــەیوانە کێوی نیت ئادمیزاد ، تازندوە دەبێ لە نێوکۆمەلا بژی و لەگەل خەلکا ، مال وحالێک بۆخۆیی پێکەوەنێ و رابـــوێـــرێ ، خەلک خـــراپن تۆچاک بە . تاوەکو ، خەلکیش چاو لەتۆکەن و لەتۆوە چاکە فێربن و بێنەسەرهێل توجوان بیری لێپکەوە ، ئەگەر ، واچاک بی وهەمو خەلکی بیانەوی ، وەک تۆ خۆیان تەریک پکەن وخۆیان لەئیشو ، کارو خەلک بدزنەوە وبڕۆن لەگۆشەیەکدا ، دانشین و ، خۆیان لەدنیاو خەلکی تریکو ، تەرە ، کەمەکەن کارو باری دنیادەشێوێ و بەندو سیرازەی ژین تێکدەچێ و لەبە ریەک بەلاو ، دەبێ .

ئەمەهەندی بو لەوتوویژی مەل و نەچیرەوان .

مەل لەوەلائاوتی : وایە ئەمانەی وتت راستە ، بەلام ئادمیزاد ، دەبێ تازیندوە ، مال و خالێک بۆ خۆیی پێکەوە نێ و لەگەل خەلکا ژین بداتە سەر ، خەلک خراپن ، تۆچاک بە باخەلک چاو لەتوکەن ، وبێنەسەر ، ڕیگەی راست . ئەگەر ، واچاک بی ، کەتودەی کەی ، خەلکی برون ، لەگوشە یەکا دانیشن و خویان تـــریک پکەن ، کارو باری دنیا تیکدەچـی ، من لام وایە کاری چاک ئەوەیە ، کەهەمو خەلک ، ویکرا ، هەمیشە لەسەری برون و جبی بەجیی کەن . ئەمەی تو ڕەچاوت گرتوە باش نییەو عبادەت وانابـــێـی کەتودەلێی .

عبادەت ئەوەیە : خێرو بێرت بۆخەلک هەبێ فەقیرو هەژار ، لەسایەی تۆدا ، وچانێک بدەن و بحەسینەوە ، وەلەتووە خێرو خوشیان پێ ـ پگات عبادەت دەبێ ، بـــە شێوەی گشتی بێ و هەمو ، کەسێک لەدەستی بێت و ژینی باش لە ـ دنیادا پێک بێنێت و کۆمەل بخاتەخێرو خـــۆشـــی یەوە ، نەوەک دنیالەخۆیی تاریک پکات و دنیا لەبەرچاوی ببێتە شەوە زەنگو هەموشتێک بەخراپ بزانی و خویی لەدنیا بدزێتەوە ، وخوی تەرەکەمە ـ پکات . تو ! بیرپکەرەوە ، بزانە ، گشت پێغەمبەران و ئەولیاو ئەنبیاوزانایان و پسپورانـــی دنیاو پیاوچاکان لەگەل خەـ لک و کومەلا ، هەستاون و دانیشتون پێکەوەژیاون و غەم و خەفەتی یان بوئادەمیزادخوار دوە تویش دەبێ وابی و چاو لەوان ، کەیت ، تـــۆتائیســـتا بیستوتە !؟ کەیەک مروی چاک و بەکەلک و لێهاتو ، بچێ لە نێوگژو گیای کەژو کیواخۆیی پشارێتەوەو تەنیالەبیرو باوەری خۆیدابێ و نێوی خۆیشی بنێ مرۆێ چاکویان بتوانێ ، بلێ : خودالێم رازی یە ! من تائیستا شتێکی وام نەبیستوە ، ئەم کارە نیشانەی لەخۆرازی بون وخۆبەزل زانینە کەئادمیزاد ، تەنیالەبیری خۆیدابێت و گوێ نەداتەژینی خەلک و خۆیی لاسارکات و تەنیالەبیری قەبرو وقیامەتی خۆیدابێ و خۆیی ، تەریک پکات و لەخێرو بێری خە لک خوت دەرئاویی و خوت بذریەوە !

نەچیروان ، وراوکەرلەوە لاماوتی : ئەی مەل تۆخودا وازم لێی بێنە ، لێم گەڕێ ، بابە دەردی خۆم داکەوم وتاوێک بیرلەخۆم پکەمەوە ، بزانم چم بەسەردێ ! من زۆرم چاکەو خراپەو چەرمەسەرێ دیـــوەو

تاڵی و سوێری ڕۆ ژگارم زۆر کێشا
وە ، خێترم لەکەس نەدیـوە ،
چاکەم ، لەگەڵ هەرکەسێکا .
کرد ، خراپەم وەرێگەهات ،
تازەبەکێک لەدەرو جیرانەکانم
بەرەحمەتی خوداچووە ، مردنی
ئەوڕاوسییەم بـۆمـن دەرس و
پەندو عیبرەتە ، من ناتوانم لە
بیری مردنانەبم ، بیرو باوەڕم
گۆڕاوە ، وزەی جارانم نە ـ
ماوە ، کوڕە ! تونەماشاکـــە !
شتێکی سەیرو سەرسوڕێنـەرە
ئێستا دەم کوت ئۆخەی وا ، لە
هەراو هوریای خەڵک ولەناڵەو
نوزە ، و زرمەجڵلیی ژن و منداڵ
ڕزگاربوم ، کەچی تۆلێم بویی
بەملوزم ، وەک بەڵای ناگەهان
لێم پەیدابوی و وازم لێناهێنی
، تۆخودا ! ئەی مەل برۆ بابە
دەردی خوم داکەوم و تێـــر
بناڵێنم .

مەل وتی : زۆرباشە !
وازت لێدێنم وامن دەروم ، بە
لاّم چەن بییەک نەڕویشت و وئە
ونەلەکابرادورنەکەوتبووەوە ، کە
تۆبتوانی مژیک لەجگە رەبدەی
مەل ، لەوشوێنەداچاوی بەگە
نم و هەرزن و گاڵ کەوت ، تە
ماشای کرد ، وا "دانەڕژاوە" !
لای سەیربو لەبن لچەوە وتی
: خودایا ! خۆلەنێوسەوزەڵان و
چیمەنا ، گەنم و هەرزن پەیدا
نابێ ، ئەی ! ئەم هەموەگەنم و
گاڵەچییە ! ئالێرە ڕۆکراوەو

هێندێکی پرشو بلاّو بووەتەوە ،
مەل جیکلدانی خاڵی بو ، دەیی
ویست لێی بچێتەپێشەوەودوسی
دنوک گەنم و هەرزن بچنێتەوە
بەلاّم هێشتا ، قسەی نەچیرەوانی
لەگــوێدا ، دەزرنـگایەوە :
دەنگو باسی خوداو عبادەت و
مردن و قەبرو قیامەت گوێی پڕ
کردبو ، وزاتی نەبو ، ونەی
دەوێرا بـۆگـەنـــم وهە رزنە
کەبڕوات ، لەترس ئەوەی ، نەوە
کو ، کابرای نەچیرەوان وسەوزە
پۆش دەنگی بدات و ئابـــروی
برێ و هەڕەشەی لێبکات ،
ئەوەبوگەڕاوەو لەکابرای پرسی
وتـی : قوربان ئـەوگـەنـم و
دانـەویڵـــەهـــی ئێوەیە؟
نەچیـــرەوان لـــەوەلاّوتـــی
: ناهی من نییە من جەوال وتوبە
رەم نییە تاگەنم و گاڵی تێکەم
من شتێکم نییە تاگەنم و هەرزنم
هەبێ . بەلاّم تائەوجێگەی وا
دەزانم ئەمەهی دوهەتیوی
بێ باب ودایکە ، دێن دەی بەن ،
ئامان دەخیلت بم نەچی بەلای
دا ، تۆدەتوانی چینەیکەی و
خۆت تێرکەی ، نەچی لەو گەنم و
هەزرنەبخۆیی بۆتوحەرامـــە
مەگەر ؟هەژارو لێقەو ماوێک
پەیدابێ و زۆریشی برسی بێت ،
لەبرسان دڵی ئاو پکات ئەتوانێ
کەمێکی لێبخوات بەلاّم مـــن
کارم بەسەریەوە نەداوە خۆت ئە
زانی بەمن چی ؟

مەل لەبرسا "ئاولەلاّ ـ
لغـاوەی دەتەکاخـــوارێ"
وجیکلدانی لەبرسا زۆری بـــۆ
هێنابو ، وزەی بـڕابو ، و نەی
دەتوانی وازلەوگەنم و گاڵەبێنێ
، کارلەوەترازابو ، لای
"شتێکی مفت و مەرحەبابـــو"
بەکابـــرای وت : مـــن وردەم
بەرداوەو زۆریشم برسییە ، لام
وایەکەسێک وەک من برسی بێت
"حەرامی بۆحەلاّلە" .
نەچیـــرەوان وتی : من
نازانم خۆمن قازی شەرع ودین
نیـــم چم لەمانەداوە ، خۆت
باشتـــرئـــەزانـــی ، "هەرکەس
دەردی خویی باش دەزانێ" وە
باڵی خۆت بەئەستوی خۆت"
بەلاّم ئەوەش بزانە ئـەگـــەر
موستەحەق نەبی خواردنی بۆتو
حەرامە ، وئەگەر بچی بیشـــی
خۆیی کەسیش دەنگت نادات و
کەس نییە ڕیگەت پێی بگرێ !
مەل بیری کردەوەو لەوەلاّماوتی
: ئێستاکەوایە ئەچم چەن د
نکێک دەچنمەوەو دەی خۆم
تابرێک نینم بێتەوە بەرخوم ،
نەبادا لەبرسان دڵدەرد بگرم و
توشی ئازارە جیـــکڵـــدان بم ،
ئەمەی وتو و رویکردە گەنم و
هەزرنەکە ، دەستی کـــــرد
بەخواردن ، بەلاّم هەرکەدە
نوکی برد ، دەنکێک هەلگرێتە
وە ، بەسەرپیوەبوو سەری چوبە
داوا هەرچـــی باڵەپرژێـــی کرد

سودی نەبوو نەی توانی لەنێو تورو داوەکەدا خوێی ڕزگار پکات ، تێی گەیی (ئەم هەموە راوە ریوی یەبۆ کەولی مام ریوی بوە) ناچار خوێی مات کردو بیری لەبەفریوچونی خوێی دەکروەوە ، نەچیروانیش کەزانی وا مەل پێوە بوەتەپی داسەری بیگرێ مەل وتی :ئەزانم چم کرد بە خۆم ، ئەمەسزای خۆش باوەڕی یە ، کەپیاوفریوی فێل بازو تەلەکەساز بخوات ، من نەم دەزانی تەنانەت لەم ڕیگەیشەوە خەڵک بە فریودەبەن . — نەچیرەوان وتی : ئەمانەوا تۆ ناویان دەبەی من نایان ناسم ، لێرەشدا تەنیامن و توهەبوین و منیش قسەییکی ناحیسابیم بەتۆ نەوت تا بەفریوت بەرم من وتم ریازەت کیشم ، تویش وتت موستەحەقم ، وت وویژی من و تۆ لەمەزیاترنەبو ، ئێستا تۆزیانیت کردوەو گەنم و هەرزن و گاڵی خەلکت خواردوە منیش لەتوڵەدا گوشتی تۆدەخوم ، کەتوڵەو پاداشی ریازەتی خوم وەرگرتبێ بەڵام دەبێ بزانی تەماعکاری خۆت بوو بەفریوی بردی و، توشی ئەم ڕۆژە ڕەشەی کردی هەر کەسێک توشی بەڵاوو داوئەبێ لەبەر ، تەماعکاری دزیەتی ، ئەگەر منیش نەپشمی بایم وتومنت نەدی بایبیو قسەت لەگەڵ من نەکردایبی ، هەردەحویی گەنم و هەرزنەکە



به : آقای محمد صالح ابراهیمی محمدی
از : اداره کل مطبوعات داخلی
موضوع : ارسال پروانه انتشار ولا بحه مطبوعات

پروانه انتشار مجله گرشه کردستان که در جلسه مورخ ۸/۱۰/۱۳۵۸ کمیسیون موقت مطبوعات با روش سیاسی ، اجتماعی ، علمی ، ادبی ، هنری بزبان کردی بطور هفتگی برای شهرستان تهران بمد یر مسئولی جنابعالی بتصویب رسیده ، استحضارا بضمام یک نسخه لایحه قانونی مطبوعات مصوب ۲۰/۵/۱۳۵۸ بپیوست ارسال میگردد .

سرپرست اداره کل مطبوعات داخلی
سید حسن شهرستانی

## ● بانگەواز: ●

خوشک و برایانی بەڕێز گوڤاری گرشەی کوردستان هەروەک ئەزانن بە یارمەتی هەندێ لە خوشک وبرا فەرهەنگ و ئەدەب دۆستانی کوردی تاران دێتە دەری جا بو ئەوەی گرشەی کوردستان باشتر بتوانێ ئەرکی سەرشانی نیشتمانی خۆیی ببا بە ڕیوەو ، لەڕیگای گەشاندنەوەو پەرەپێ دانی ویژەوەری و فەرهەنگی گەلی کورد هەنگاوی بە رزتر هەڵگری و بتوانێ دەنگی بەرەی کورد بە گەلانی ئیران و جهان را بگەیینی و پیلانەکانی گەل دوژمنان لە گشت کوردە واریدا دەرخات ، نیازی بە یارمەتی زیاتر هەیە وهەروەها ئیمە کوری نوسەران چاوە روانین ، هەوالی راست و درستمان لە هەر شوینیکی کوردستانا بو بنیرن ، هەونراوە ، قسەی خوش ، مە بەستی سیاسی و رامیاری ، ئابوری ، فەرهەنگی ، کومەلایەتی و شتیوامان بە دیاری بوبنیرن و زیاتر یامەتیمان بدەن بەلام بو ئەوەی لە کردەوەدا پەرە بە زمانە کەمان بدەین ئەبی تەنانەت نامەیشمان بە کوردی پەتی بوبنوسن ، ئەگەر بە کوردی نە بی وەری ناگرین .

بخۆیت و بەداوەوەبی ، دەبو لەپێشا بیرت بکردایەتەوەو لێکت بدایەتەوە ، کەلەهەرشوێنێک دان هەبێ داویش هەیە مریشک خوێی خۆڵ بەسەرخۆیدا نەکات کەس ناتوانێ خۆڵی بە سەردا پکات ، ئەمەنەزیلەی پێشینانەو دەرسێکی زۆرباشە بۆمرۆی ژیرو وشیار. خوشک و براخۆشەویستەکان لەخودای مەزن تکادەکەم کەهەرگزاو هەرگیز توشی داو ، وتەنگ و چەڵەتو کۆسپ و قورت. نەبن

# نـاوی

## دوا نزەمانگەبەزمانی کوردی

●

### کەما مۆستا هژار شاعیری هەرە زانای نەتەوەی کورد بوهەر کام دوشیعرێ دا ناوە

**خاکە لیوە:**

کوردە گیان یاخوا جیژنت پیرۆزبێ
بەهاری ژینت جیژنی نەو روزبێ
چەند دڵگوشایە خاکە لیوە کەت
پیرۆزە ڕەنگە شاخــــو کێوە کەت

**بانە مەر:**

مانگـــی بانەمەر لەکـــوردە واری
بەهەشت لەدنیا خـــوی داوە دیاری
کەز پۆشـــی لەگوڵ چادرەی ســورو زەرد
چارەی هەڵدێران :دەرمانـــــە بۆدەرد

**جۆزەردان:**

ڕەنجبەر با بەسبێ سەیری گوێســوانان
لە دەستـــــی تۆیە چاوی ئەعیانان
وا جۆزەردانـــــەو :کۆچـــی بەهارە
سەرە تای ڕەنجـــــی مامی جوتیارە

**پوشیەر:**

یاخودا هەرکەســـی کوردی خۆش نەوی
وەک پوشـــی پوش پەر بەرۆدا کەوێ
ئەواسی مـــــەردی ئالەی کوردستان
بیدەن لەنابە بۆساردی ڕ[illegible]

**گەلاوێژ:**

گەلاوێژە کەی بەختت لەئاســـــۆ
دەر کەوت .چابـــــو نەبوی :ڕەنجەرو
نرجــــی ئەم مانگە پارەی گیانـــــە
حێزنـــــی سەرشاڵـــی کۆمەڵی ژیانە

**خەرمانان:**

وارەجـــــی ساڵیت هاتۆتە بەرهەم
ڕۆژی ماو زۆرن نەبـــــی‌کە ترەخەم
ئەمساڵ تونەکـــــەی بۆساڵی‌دوایـــــی
مانگـــــی خەرمانان دەکـــــەی گەدایی

**ڕەزبەر:**

ڕەزمان هاتـــەبـــەر لەخەم بوین ڕزگار
ڕەزبەر بـــەخێربێـــی بۆ کوردی هەژار
پـــڕبـــو لەمیـــــوە ئەم‌دەرو دەشـــــتە
ڕاستـــی کوردستان وێنـــــە بەهەشتە

**خەزەڵوەر:**

دوژمنمان بمرن بەدەردو بـــــەلا
وەک بەخـــــەزەڵوەر دادەڕژێ :گەلا
ئاوردو داخـــــە کـــوردە زستـــان‌دی
بەفـــــر بەڕێوە .بـــــۆ کوردستان دێ

**سیخوار:**

سیخـــــوار خۆی نواند لەبەر پەساران
سەرما هات ،دڕا بـــەرگـــــی هەژاران
نا، نا، تۆمانگـــــی دڵخۆشیو شادی
تێت‌دا هەڵکـــــرا :ئاڵای ئازادی

**بەفرانبار:**

وا بەفرانباری ڕۆ گـــــورو :بالـــــە
کـــوردە گیان وەحشی خرانە ماڵە
هاوس بەسداکـــــە .ئەمرو بێ بوشـــــە
[illegible]

٣٩ ←

# لەبابەت چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانەوە.....

ئیمام خومەینی لەم پەیامەدا حەقی ئیدارەی کاروباری ناوخۆیی ولابردنی تەبعیزی فەرهەنگی و ئابوری و سیاسی بەگەلی کورددا وەهیوادارین ئەم پەیامە هەرچی زوتر ببرێتەڕێوە.

دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران لەساعەتی ٢٠ی ئەودەمەدا وادەقی پەیامەکەی ئیمامی بلاو کردەوەڕای گەیاند کاتێ خەلکی مهاباد پەیامەکەی ئیمامیان بیست هەموو ڕژانە شەقامەکان و کردیانە جێژن و شایی وچراخانی. خەلکی کوردستان بەتایبەت خەلکی مهاباد دوبارە وەسەقززۆرخۆشحال بون وەبەوپەیامی ئیمام، وەلامی موسبەتیان دایەوە....

پەیامی ئیمام ئەودەمەکوردستانی پڕکردلە خۆشی وشادی ئەگەرپەیامی ئیمام لەکوردستانا ببرێ بەرێوە، زوورزوهێمنی ئەگەڕێتەوەناو وڵات ولەباتی بڕاکوژی بەیارمەتی خوا دەنگی ئاشتی بەزوترین کات ئەتوانین دەسی ڕەشی بەعسی نوکەر وگوی لەمستی ئیمپریالیزم لەنیشتمانی خومان ببڕین وکورتی کەینەوە، ئەوریژیمە گوی لەقە پروخێنین.

گەوا بەپێی دەقی پەیامە، میژوییەکەی ئیمام خومەینی، مەسەلەی کوردستان لەڕێگای هێمنانە

وە، بودابین کردنی مافەنەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، بەسودی شۆڕشی ئێران چارەیکەین خودا لەقورئانا سورەحجرات ئایەی ١٠ ئەفەرمێ:

" انما المؤمنون اخوة فاصلحوا بين اخويكم ...."

باسولح وئاشتی بکرێ تا براکوردەکان بەدڵنیاییەوە لەشەڕی عادلانەی دژی ڕێژیمی سەدام حوسەینی خوێن ڕێژو، خوێن مژداو بەدیفاع لەنیشتمانی شۆڕشگێر، هاودەنگی وهاوڕەنگی وهاوبەشی بەکەن

بسم الله الرحمن الرحيم

سەلام لەسەرخوشك وبرایانی کوردبێ کەبەوەفاداری خۆتان بۆئیسلام وە کۆماری ئیسلامی لەئازاوەی خەیانەتکاران بەوڵات بەرگریتان کرد، ڕابوردتی هەیشەتی ویژە، هەربەوجۆرەبوکەوامان لەخوشك وبرایانی کوردڕا ئەدی کەهەرگیزخۆتان لەئیسلام وئێران جیانازانن. ئەوەی وا بەخوازان پالی ئەدەن بەوانەوە تەنیا بوفەساتی کردن وەپیلان گێران بووە.

ئیستا من ئەبێ بەئێوە: خوشك وبرایانی کورد و برایانی ترچەن مەبەستێك ڕاگەیەنم.

١ـ لەم کاتەحەساسەکەمیللەتی ئێمەلەگەڵ تالان چییەکانا بەسەرگردایەتی ئەمریکا دەسەوبەخەبەن

وبۆدابین کردنی مافی خۆمان وە بۆبەدەس هێنا
نەوە ئەوهەمووەماڵ وسامانەی واحەمەرەزا ی
پەهلەوی بەتالان بردویەتی وە بۆبەموحا کەمە
کێشانی ئەمجا نییەڕاسا وبن وگشت تۆێژەکانی
میللەت پێکەوەئەمکارەحەیاتییەداها وەدەنگ و
موتتەحیدبون • خوشك وبرایانی کوردی ئێمەلە
هەرشوێنێك بن ئەبێ لە پێش هەموان دا لەم کارە
دا بەشداری پکەن ولەگەڵ خوشك وبراکانی تراها
وەدەنگ بن • پێویستە لەو دژا یەتییانەی وا
بەدخوازان سازیان کردوە ببڕایانە بەرگری
پکەن •
براکانی من ئەمڕۆهەرجۆرەدژا یەتی بەسودی
ئەمریکا وبێگانەیە ، ئەوانەن لە ئیختیلافی
ئێمەکەڵك وەرئەگرن وئەیانەوێ دیلمان پکەن •
راپەڕن وە ئاژاوە گێڕان نەسیحەت پکەن ئەگەر
قەبوڵیان نەکرد لەخۆتانی دورخەنەوە، لەهە
رێمی خۆتان دەریان کەن یا ، بیانگرن وبیان
دەنەدەس حوکومەت •
٢ـ من ومیللەت هەموولەوئاگادارین کەبە
درێژایی حوکومەتی سەرەروە زۆرزلم وزۆرلەئێوە
برایانی کورد کراوەوە بەپێچەوانەی ئیسلام ـ
زۆریان تە بعیزلێ کردون ، بەلام برایان ئەشێ
بزانن کەتەنیا ئێوەنەبون کەزوڵمتان لێکراوە ـ
برایانی تورك ، لور، عەرەب ، بەلوچ ، فارس
وتورکەمەنیش زوڵمیان لێ کراوە ، لەوەی وا ـ
ئێوەوە ئەوانیشیان بێ بەش کردبو•
ئەگرینوا ڕنەئەوانەی والەزاخەوە قولاوەکانی
تارانا ئەژین ئەبینن کەلەهەموشێك بێ بەش ترن
من ئەزانم حوکومەتی ئێرەتی بەوجۆرەی واویستی
ئێوەوە گەلەپێشدا ڕانەگەیشتووەبەلام ئەبێ بزانن
لەمەش دا ، ئێوەبەشدارن وە حوکومەت بەگشت
هێزیکەوەخەریکە، کاروە سەروسامان دان بووە،
بەلام ئەونەقوەت زۆربوکەبۆچاك کردن نیاز
بەزەمانە هەیە من هیوادارم کەبۆهەموگەل وە
بۆئێوەی برایانی کورد شست ومەك وە کەرەسەی
رەفاەوئاسایش دابین بکرێ •
٣ـ ئێوەبرایان ، ئەزانن کەنەوسازی وە ئاوە
دان کردنەوەلەشوێنێکا کەئازاوەهەبێ خەڵك ئە
مانیان نەبێ ، سخت یا دژوارەبرایان ئەبێ
کۆشش پکەن وە هێمنی بپارێزن وبزانن کەلە
ڕێگای هێمنانەوە ، کاروبار رچاك ئەکرێ وئەمەش
بەسودی ئێوەوە بەسودی ئیسلام وموسڵمانانە•
٤ـ لەهەیئەتی تایبەت ، ئەخوازم کەزۆربە
حوسنی نییەتەوەبەوت وە وێژی خۆیان درێژە
بدەن • ولەگەڵ شەخسییە تگەلی مەزهەبی و • ـ
رامیاری وە نەتەوەیی وە تۆێژەکانی تراتەماس
بگرن تاویستەکانی ئەوان کەویستی ئێمە پشە
بەشیوەی دڵخواز دابین بکرێ وە هێدی هێمنی
ئە هوەنی کەلەگەورەترین نیعمەتەکانی
خودا یین بگەڕێتەوەناوە ئەوهە رێمە، وەئێوەی
برایانی کورد لەکەناری براکانی ترا ، بە
هێمنی وە رەفاەوە ئاسودەیی ژیان بدەنەسەرو
دەسی ڕەشی بێگانە بۆهە میشەلەئێران ببڕیت
٥ـ ئیسلامی گەورەگشت تەبعیزگەلی مەحکوم کردوە
وبۆهیچ ئاقمێ تایبەتی یەکی تایبەتی دانەناوە
تەقواوە تەعەهودبەئیسلام تەنیاهۆی کەرامەتی
بەرەی مروڤە، لەپەنای ئیسلام وکۆماری ئیسلامیا
حەقی ئیدارەی کاروە باری نا وخوموحەللی و
لابردنی هەرجۆرە تەبعیزی فەرهەنگی وئابوری و
سیاسی موتە عەلیق بەگشت تۆێژەکانی گەلەئەز
جوملەبرایانی کوردە ، کەحوکومەتی کۆماری ـ
ئیسلامی مووەزەف وموتەعەهیدەکەبەزوترین کات

قانونگەل وە موقەرەراتی پەیوەندی دا ربەوە ، بەبارمەتی یەزدان تەدوین ئەکرێ .

٦ـ دوبارەسرنجی شەریفی عولەمای ئەعلام وە مەشا یەخی عیزام وە روناك بیران وە برایانی تری عەزیز لەسەرتاسەری ئێرانا بۆباری حەساسی ئەمرۆی ئێران وجەبهەگیری گەلی دوژمنانی نیشتمانی وئیسلام وە لەراست گەلی عەزیزدا وە جولەجولی هەمولایەنی ئەوان بوسەرکوت کردنی بزوتنەوەی ئیسلامی وە گەلی مەزن وە بۆگەراندنەوەی دەسەلاتی هەمولایەنەبەسەرولاتی ئیسلامی ئێمەدا رائەکێشم . ئەگە لەم کاتەداتەقازای موتەوازیعانەی ئەمخزمەتکارەکەرۆژگەلیدواتەمەنی رائەبری بەجیگە نییە .

خوشك وبرایانی هاونیشتهان لەسەرتاسەری ولاتامن دەسی خۆم بۆلای ئێوەدرێژئەکەم وە بوخاترخودا وئیسلام وولات عاجزانەلەئێوەم دەوێ کەگشت ووزە و هێزی خۆتان بورزگاری نیشتمانتان بخەنەکاروچەکانی ساردوگەرمتان یانی : قەلەم وە بەیان و موسەلسەل گەل ، لەنیشانەگیری بەرەویەکتری ، بەرەودوژمنی ئینسانییەت کەلەبان هەمویانەوە ، ئەمریکایە ، بسوڕیننەوەو ، سێرەبگرن ، خودایاوا من ئەرك وئەسپاردەی خۆم کەنەسیحەت کردنی گەلە بەئەندازەی توانای بێ هێزی خۆم ئەنجامم داو ، توشەی خودای گەورە ، بەهێزی بێ زەوالی خۆت دڵگەلی ئێمەبرایانەپێکەوەپەیوەندیکە " انـــك قریب مجیب " سڵاوی گەرم وگوری من بۆگەلیعەزیزو برایانی کوردە وە ، رەحمەتی خودا لەسەرهەموتان بێ

روح اللە الموسوی الخمینی

٢٦ آبان ١٣٥٨ـ ٢٦ ذی الحجه ١٣٩٩

# گێژاوی ژیان :

سوال: ناوتان چەس؟
ج : ئەلف شابازی
س : چەن ساڵ دیری ؟
ج : ٤٤سال
س : وە کوره کار کەیت ؟
ج : شارداری.
س : شوغڵت چەس ؟
ج : روفتەگەر.
س : چەن ساڵە کار کەیت ؟
ج : وە ١٣٥٠ تا ئیرەنگە.
س : حقوقت چەنە ؟
ج : ٩١٥ تمەن وە تەور رسمی
س : مەزایا و ئێزافە کار چەنی تیاتە دەستت ؟
ج : حەدی ئەکسەر ٣٠٠ تمەن وەلی هەمیشەگی نیە.
س : کوللەن چەنی تیا دە دەست ؟
ج : حدود ١٢٠٠ تمەن.
س :ماڵ هین خوتە ؟
خ : نە کرایە نشینم وەناو یە ماڵ بۆچک ٣٥ میتری.
س : ژن و مناڵ دیری ؟
ج : ژن و پەنج مناڵ دیرم
س : دەرامەدی ترەک نەیری ؟
ج : هیچ غەیر وە رەحمی خودا
س : ئی مەبلەغە کەمە چ جور ئەرای خەرج ژن و منالت کفایەت کەت ؟
ج : چارەیی تر نەبرم ، ئەوەڵ خودا وە دوەم ئینقیلاب ، ئومیدی تر نەیرمە
س : چ تەوەقعی وە ئینقیلاب وە دەوڵەت دیری ؟
ج : رەسیدەگی وەحالمان بکات وە نرخی ئەجناس وە مەوادی غەزایی بارێدە حوار وە حقوقمان بواتە بان
س : قسەیی دی نەیری ؟
ج : خەیرە

## دوانزەمانگە....

رێبەندان :

رێبەندان گەرچی رێگەبەندانی ؟
گلێنەی چاوی گەلی کوردانی
لەنێو مانگاندا جوانو رو سوری
لە تۆدا کرا جێژنی جومهوری

رەشەمە :

رەشەمە ...نامەی بەهاری هێنا
کۆچی بەخێلی سەرمایە لێنا
رنوی روخاندن :تۆپخانەی شماڵ
کوردە دلخۆش بە .نەما ژینی تاڵ



# سووتان

سەعدوڵلا پەرۆش

وتم : کێوی برینی من
سەختەو کەوتنی لەدوایە
شوێنم کەوتی
وتم : شەوی ئەڤینی من ،
خەمو نەسرەوتنی تیایە
شوێنم کەوتی
وتم : مەی پێکەنینی من
گریان‌گریانی لە دوایە
شوێنم کەوتی
وتم : وڵاتی شیعری من
سووتان سووتانی تێدایە
هەر هاتیتو شوێنم کەوتی
ئیستاش ناکرێ
کێو دەست لە بنار هەلگرێ ..
وتم : شەوان ،

لە گەل کشانی هەر تاکێ لە ئەستێرە
چاوشینەکان

گڕ بەردەبێ لە هەزاران هۆنراوەی جوان !
منیش دەستئەکەم بە گریان
وتت : ئاسمان !

کەی وەستاوە بە بێ سووتان ؟
وتم : شەوان ،
کە خامۆش دەبێ چراخان
خەیاڵت دادەگیرسێنم

ئای کە خەیاڵیشت دەڕواو ئەویش
لە ماڵی شیعری من ناگرێ وچان !
وتت : وچان
کەی ڕێی دەکەوێتە وڵاتی شاعیران ؟!






# جەنگ ڕژیم پەهلەوی وەگەرد زوان کوردی

لە ساڵەیل لە یەو وەر ، لە ساڵەیل نە فرە دوٚر زوان کوردی لە شارەکەمان یانی کرماشان زوان گشت مەردوم بی ە گشت لە ژن و پیا ، لە گەورا و بۆچک، وە زوان کوردی قسە کردیان ە فرە کەم پەیا بیاد کە کرماشانی بوٚدوە زوان کوردی نەزانت ە کام کرماشانی بی کە زوان کوردی بزانت وە نەتوات وە زوانەکەی خوٚی قسە بکات ؟

فرە لە مەردوم تەنیا زوانەگەی خوٚیان یانی کوردی زانستیان ، هەتا زوان فارسیچ کە زوان ڕەسمی — مەملەکەتمانە نیە زانستن ە وە قەول ئی بەیتە کە ئۆشت : کرماشانیکم فارسی نیەزانم
وەزوان کوردی قەزات وەگیانم

راسی خوٚمانیم ،ئایا مەردوم کرماشان ئیرەنکەیچ کشت کوردی زانن؟ ئایا کشتمان کوردی زانیمن؟ زوانێ کە دالکەیلمان وەباوکەیلمان وەپی قسەکردیان ؟ راسی مەکەر ئیمە منالەیل هەی ئەو مەردومەنیمن کە کوردبین وزوانیچیان کوردی بی ؟ خاس ئەکەر ئیجوورە — سە پەس یەچەوەسەرمان هاتیە ؟ چ بەدبەختی نووش — مان بیەکەزوان باوکەیلمان لەیادمان چیەسدو ؟ ئەکەر لەیادمان نەچیەپەس ئەڕا وەزوان خوٚمان قسە نیەکەیم، ها ؟ ئەڕا ئەی قەرەنا مەیی گرتیەسدمان ، گشتمان یەی سەرەتیمنەسەفارسیٚ قەجەر ، وەزوانەکەی خوٚمان فەراموش کردیمنە؟ ئەڕا ئیجوورەوەسەر — مان هاتیە؟ من نیەتوام بۆشم کەنەبایس وەزوان فارسی قسەبکەیم، نە ، زوانی فارسی زوان گشت — میللەتەیل ئیرانە ،ئەڕای گشتمان ئەزیزە ،کشتمان لەتورک ولەئەرەوو لەبەلووچ ولەکورد ، وەلی هەر کاموەیانەخوٚیان ئەڕای خوٚیان زوانیگ دیرن ، — فەرهەنگیک دیرن ، من ئۆشم ئەڕا ، ئیسە ڕا بایس زوانەکەی خوٚمان فەراموٚش بکەیم؟ من تەنیا یە ئۆشم .

من توام یەبۆشم کە ئیمە وەمەیل خوٚمان نەوسەکەنە زوان کوردی لە یادمان چیە ە نە ، تەخسیر ئیمە نەویە دوشمنەیل ئیمە ، یانی دوشمنەیل میللەتەیل ئیران ئی جورە وە پیمان کردنە ئەوانە کاری وە سەرمان هاوردن گە زوانە کە مانیچ وە دەسدایم ە دوشمنەیل

ئیمە یانی کوڕ ڕەزا (رضا ) خان و دارو دەسەی چەپەڵی ئەرای یە کە ئیمە لە باقی برایەیل کوردمان جیا



## دەساڕ،هارە

ئەمژنە کوردە دە ساڕئەکات ، هەندێ لەبنەماڵە کوردە کان لەبەرنە

داری و ، دەستەنگی لەباتی چونە ئاسیاو ناچار بەدەساڕگە نم و ،

شتی خۆیان لێ دەکەن واتا : ووزەی زمهەرکردنیان نیبە! دەساڕئەکەن